لەخودا ویێغەمبەر ودەوڵەت دەترسم!

لەخودا
و
پێغەمبەر
و
دەوڵەت
دەترسم!

# لەخودا
# و
# پێغەمبەر
# و
# دەوڵەت
# دەترسم!

لەخودا
و
پێغەمبەر
و
دەوڵەت
دەترسم!

کۆمەڵە بابەت

**برایم فەرشی (بارام)**

لەخودا ویێغەمبەر ودەوڵەت دەترسم!

لەخودا
و
پێغەمبەر
و
دەوڵەت
دەترسم!

# وتەیەک لە هەزار

ئەم وتەیە: "من لە خودا و پێغەمبەر و دەوڵەت دەترسم" قسەی نووسەری ئەم دێرانە نییە، ئەوە گفتی هاووڵاتێکی کوردی رۆژهەڵاتی کوردستانە کە بۆ پەیداکردنی بژیوی خۆی و بنەماڵەکەی گەیشتۆتە سەر شاخەکانی کوردستان. خاوەنی ئەم وتەیە نە فەیلەسوفە و نە دارێژەری سیاسەت، مرۆڤێکی ئاساییە. وتەکەشی دەتوانێ کۆبەندی ئەو بەسەرهاتانە بێ کە بە سەر مرۆڤ ، لەوانە مرۆڤی کورد هاتووە. من ئەو کتێبە بە خاوەنی ئەم وتەیە پێشکەش دەکەم و سپاس بۆ وتە پڕ نرخەکەی.

برایم فەرشی(بارام) گەلاوێژی 2706

لەخودا
و
پێغەمبەر
و
دەوڵەت
دەترسم!

لەخودا ویێغەمبەر ودەوڵەت دەترسم!

| | |
|---|---|
| ناوی کتێب | من لە خودا و پێغەمبەر و دەوڵەت دەترسم |
| نووسەر | برایم فەرشی(بارام) |
| تایپ و دیزاین | ئە. سەدری |
| ساڵ | گەڵاوێژی 2706 |

له‌خودا وپێغه‌مبه‌ر وده‌وڵه‌ت ده‌ترسم!

له‌خودا و پێغه‌مبه‌ر و ده‌وڵه‌ت ده‌ترسم!

**ناوه‌رۆک**


ئه‌گه‌ر زه‌ویه‌كه‌مان به‌ ئێوه‌ بفرۆشین ده‌بێ لاتان پیرۆز بێ وڕیزی لێ بگرن!
به‌ بیانووی كه‌ركووك و مه‌رگی گوڵه‌ گه‌نم
ئیعدام, هه‌ڵواسین, كوشتن
خه‌تین ، درسدن و هه‌ڵه‌بجه
فه‌رهه‌نگ له‌ نێوان شه‌ڕ وسیاسه‌تدا؟
كۆماری كوردستان و منداڵه‌كانی
هه‌ڵپه‌ركێ و ده‌هۆڵی ئاغا
كۆنگره‌ی فردەوسی و نه‌ته‌وه‌كان
زمانی كوردی، كۆماری ئیسلامی و له‌نته‌ربه‌ده‌ستانی كورد
كوشتنی كه‌رامه‌تی كورد له‌ جه‌نده‌كی ئیسلامیدا
له‌خودا و پێغه‌مبه‌ر و ده‌وڵه‌ت ده‌ترسم!
زره‌ "رۆشنبیران"ی كورد و په‌ره‌پێدانی گه‌نده‌ڵی!!؟؟
هونه رمه ندان و نووسه رانی ره سه نی رۆژهه ڵاتی كوردستان
رۆژهه‌ڵاتی بێ مێدیا و هونه‌ری زیندوو!
یه‌كیه‌تی نووسه‌ران و هونه‌رمه‌ندان له‌ رۆژهه‌ڵاتی كوردستان
**هونه‌ر و ڕێكخراوی هونه‌ری كورد له‌"كۆمه‌ڵگای كورد" له‌ ئورووپا!**
مه‌به‌ست له‌ هونه‌ر كام هونه‌ره‌؟ - مه‌به‌ست له‌ ڕێكخراوه‌ی هونه‌ری چییه‌؟-
هونه‌ر - ڕێكخراوی هونه‌ری - هونه‌ر و ئابوری - هونه‌ر و ڕێكخراوه‌ له‌ ئورووپا-
كۆمه‌ڵگای كورد, ڕێكخراوه‌كان و سیستمی په‌رورده - ڕێگا چاره‌


له‌خودا و پێغه‌مبه‌ر و ده‌وڵه‌ت ده‌ترسم!

له‌خودا وپێغه‌مبه‌ر وده‌وڵه‌ت ده‌ترسم!

# نامەی سەرۆکی سوورپێستەکانی سیاتڵ بۆ سەرۆک کۆماری ئەمریکا لە ساڵی 1854

چەند ساڵ لەوەپێش لە سەر ویستی برای هێژام سولەیمان فەرشی ئەم نامەیەم وەرگەڕاندە سەر زمانی کوردی و لە ناو دەیان نووسراوەی تردا شاردرایەوە. لەم ڕۆژانەدا جارێکی تر هاتەوە بەر دەستم, بە خوێندنەوەی دوبارەی ئەو نامەیە شاری **کەرکوک** هاتە بەرچاوم. ئەو نامەیە 120ساڵ لەمەوبەر نووسراوە کە ئەمرۆش تازە دەنوێنێ. هەرچەند وەک پرنسیب هیچ نووسراوەیەک لە زمانی دووهەمەوە وەرناگێڕم, بەڵام ئەم نامەیە بەڵگەنامەیەکە  کە دەبێ بە هەموو زمانێک لەوانە زمانی کوردی بخوێندرێتەوە. ئەوەی وەرگێڕی فارسی زمان لە چ زمانێکەوە ئەو نامەیەی هەڵگەڕاندۆتە سەر زمانی خۆی، بۆمن روون نییە, هەر بۆیە ئەگەر کوردی ئەو نامەیە لە گەڵ زمانی نامەکەی سەرۆکی هێژای سوورپێستەکان دەقا ودەق یەک نەگرێتەوە, داوای لێبوردن لە خۆی و خاکە پیرۆزەکەی دەکەم. حەتمەن ئەو, ئەو حەقە ڕەوا دەبێنێ کە ئەو نامە زێڕینەی هەر بەو چەشنە بگاتە هاونیشتمانانی من لە خاکی کوردستان!

## ئەگەر زەویەکەمان بە ئێوە بفرۆشین دەبێ لاتان پیرۆز بێ ورێزی لێ بگرن!



چۆن دەتوانن ئاسمان و تینی زەوی بکڕن، یان بفرۆشن؟ بەڕای ئێمە، ئەمە بیریکی سەرسوڕهێنەرە. کاتێک کە ئێمە خاوەنی شادئاوی هەوا و پرشنگداربوونی ئاو نین, ئێوە چۆن دەتوانن ئەوانە بکڕن؟
هەر پارچەیەکی ئەم زەویە لای خەڵکی ئێمە پیرۆزە, هەر گەڵایەکی بریقەداری داری بەڕو, هەر قەراخ ئاوێکی خیزەڵان, هەر گۆشەیەکی ناو لێڕەوارە تاریک و تنۆکەکان, هەر سەوزەڵانێک, هەر ویزە ویزێکی مێشولەی درۆشەدار لە یاد و تاقیکردنەوەی خەڵکی مندا, پیرۆزە!
ئەو شیلەیەی کە لە زنەی دارەکانەوە دەڕژێ, بیرەوەری مرۆڤی سوورپێست لە گەڵ خۆی دێنێ. مردووەکانی مرۆڤی سپی پێست کاتێک بۆ سەیران بەرەو ئەستێرەکان دەڕۆن, زێد و نیشتمانی خۆیان لە بیردەکەن, مردووەکانی ئێمە هیچ کات زەوی بریقەداری خۆیان لە بیر نابەنەوە, لە بەر ئەوەی زەوی دایکی مرۆڤی سورپێستە. گوڵە بۆن خۆشەکان خوشکانی ئێمەن, ئاسک و ئەسپ و هەڵۆی گەورە براکانی ئێمەن. لوتکەی بەرزی شاخەکان, شیرەی گیاکان لە مێرگەکان, گەرمای لەشی جوانو و مرۆڤ, هەموویان لە یەک تیرەن. لەم رووەوە کاتێک کە سەرکردەی گەورە لە واشینگتۆنەوە کەسێک بۆلای ئێمە ڕەوانە دەکات هەتا بە ئێمە بێژێت گەرەکیانە زەوی ئێمە بکرێت, داوایکی زۆر گەورە لە ئێمە دەکات.
سەرکردەی گەورە دەڵێت کە سەرزەوینێکی تایبەتی بۆ ئێمە لە بەرچاو گرتووە، هەتا ئێمە بە ئاسودەیی لەوێندەرێ بژین, ئەو(زەوی)یە دەبێتە باوکی ئێمە و ئێمە دەبینە منالەکانی ئەو. بەڵێ , ئێمە پێشنیاری ئێوە بۆ کڕینی زەویەکانمان دەخەینە بەر باس و گفت و گۆ. بەڵام ئەوە ناتوانێ کارێکی سووک و هاسان بێت. لە بەر ئەوەی ئەم زەویە بۆ ئێمە پیرۆزە.
ئەم ئاوە پرشنگدارە کە بە جۆگە و ڕۆبارەکاندا تێدەپەڕێ تەنیا ئاو نییە, بەڵکو خوێنی بنەچەکەکانی ئێمە و خوێنی باپیرانمانە. ئەگەر ئێمە زەویەکانمان بە ئێوە بفرۆشین دەبێ بیر لەوە بکەینەوە کە زەوی پیرۆزە و هەر فڕینێکی خەیاڵ بۆ ناو ئاوی روونی زێەکان گێڕانەوەی بیرەوەری و روداوەکانی ژیانی خەڵکی منە. دەنگی زوڵالی ئاو دەنگی باپیرەکانی ئێمەیە.
روبارەکان براکانی ئێمەن, ئەوان توونییەتی ئێمە دەشکێنن, بەلەمەکانمان ئێمە لە گەڵ خۆیان دەبن و خواردن دەدەنە منالەکانمان. ئەگەر زەویەکانمان بە ئێوە بفرۆشین دەبێ لەمەو بەدوا لە یادتان بێت کە فێری منداڵەکانتان بکەن کە چۆمەکان براکانی ئێمەن, هەروەها براکانی ئێوەن و دەبێ بەو چەشنە خۆشتان بوێت کە براکانی خۆتان خۆش دەوێ.
ئەزانم کە مرۆڤی سپی پێست لە ڕێ ورەسمی ئێمە ناگەن. لە چاوی ئەواندا هەرپارچە زەویەک وەک پارچەیەکی ترە. لە بەر ئەوەی ئەو بێگانەیە ولە کاتی شەوەزەنگدا دێ و ئەوەی پێویستیەتی لە زەوی وەردەگرێ. زەوی نە برای ئەو بەڵکو دوژمنی ئەوە, و کاتێک بەسەریدا زاڵ بوو ئێتر سنوور ناناسێت. ئەو گۆڕی باپیرانی خۆی بەجێ دەهێڵێ و ئەم کارە ئازاری نادات. زەوی لە چنگی منالەکان دەردەکێشێ و ئەم کارە ئازاری نادات. گۆڕی باپیرانی و هەست و نیستی منالەکانی ئەخاتە کاسەی لەبیرچوونەوە. ئەو وا سەیری دایکی, زەوی و براکەی و ئاسمان دەکات هەر دەڵێی دەتوانێ ئەوان بکڕێ یا تاڵانیان بکات وەک چۆن مەڕ وبزن و مرواویە(سۆنە) بریقەدارەکان دەفرۆشێ. ئەو بە پێی ئێشتیای لەبن نەبڕی خۆی, زەوی هەڵدەلوشێ و لە پاش خۆی دەشتێکی چۆڵ بەجێ دەهێڵێ.
نازانم, ڕێ و رەسمی ئێمە لە ڕێ ورەسمی ئێوە جیایە. رواڵەتی شارەکانی ئێوە چاوەکانی مرۆڤی سوورپێست ئازار دەدات, ڕەنگە ئەوە لێرەوە سەرچاوە بگرێت کە مرۆڤی سوورپێست رام نەکراوە و نەفامە! لە باژێرەکانی مرۆڤی سپی پێست شوێنێکی ئارام ناتوانی پەیدا بکەی, شوێنێک نییە کە بکرێ لەوێ دەنگی کرانەوەی گەڵاکان لە کاتی بەهاردا بژنەوێ و یان دەنگی لەرەلەری باڵی مێشولەکان گوێ بگری. ڕەنگە ئەمە لێرەوە سەرچاوە بگرێ کە من رام نەکراو نەفامم. وا دەنوێنێ کە جەنجاڵی و هەراوهوریای شارەکانی ئێوە تەنیا بۆ ئەوە بێ کە جنێو بگاتە گوێچکەی مرۆڤ. ژیان

چ کەڵکێکی هەیە ئەگەر مرۆڤ شەو هاواری توکا و قواق قواقی بۆقەکان لە قەراخ زلکاو نەژنەوێت؟ من مرۆڤێکی سوورپێستم و تێناگەم.
سوورپێست بە ئاهەنگی دڵنەوازی با و بۆنی باراناوی نیوەرۆیان ئاوێتە دەگەڵ عەتری داربەڕووەکان کەیف خۆش و سەرمەست دەبێ.
مرۆڤی سوورپێست ڕێزی هەوا دەگرێ لە بەر ئەوەی هەرچی لە سەر زەوی ئەبیندرێ لە یەک هەوا کەڵک وەردەگرن, بوونەوەر, دارودرەخت و مرۆڤ هەموویان لە هەوایەکی هاوبەش کەڵک وەردەگرن.
وادەنوێنێ کە مرۆڤی سپی پێست گوێ ناداتە ئەو هەوایەی کە هەڵیدەمژێ, وەک کەسێک کە مردنی چەند ڕۆژێک درێژ بووبێتەوە هەست بە بۆنی ڕزیو و خراپ ناکات. بەڵام ئەگەر ئێمە زەویەکەمان بە ئێوە بفرۆشین دەبێ لە بیرتان نەچێت کە هەوا بۆ ئێمە بەنرخە و ڕەوانی لە گەڵ هەموو ئەو شتانەی لەوەوە ژیان دەگرن دابەش دەکات. ئەو بایەی کە یەکەم دەمی دایە باپیری ئێمە، دوا دەمیشی لێ وەرگرت. ئەگەر ئێمە زەویەکەمان بە ئێوە بفرۆشین دەبێ لاتان پیرۆز و بەڕێز بێت تا ئەو جێگایەی کە تەنانەت مردنی پێست سپیش بتوانی بچێتە ئەوێ و بای پڕ لە عەتر وبۆنی گوڵەکان لە سەوزەزارەکان بۆن بکات.
بەڵێ ئێمە پێشنیاری ئێوە بۆ کڕینی زەویەکەمان دەخەینە بەر باس و گفت وگۆ, بەڵام ئەگەر پێشنیاری ئێوەمان پەسەند کرد ئەبێ شەرتێکی ئێمە جێ بەجێ بکەن ئەویش ئەوەیە کە مرۆڤی پێست سپی دەبێ لە گەڵ بوونەوەرانی ئەم زەوەیە وەک براکانی خۆی بجولێتەوە.
من رام نەکراوم و ڕێگای تری ژیان ناناسم, بە چاوی خۆم ،بە هەزاران گای راونەکراوم بینیوە کە بە دەستی سپی پێستەکان لە ناو قەتارەکاندا قەتل وعام کراون, تا بە سەر قۆرغ و لەوەڕگاکاندا بڵاو کرێنەوە و بتلیسێنەوە. من رام نەکراوم و تێناگەم کە چۆن ئەسپێکی ئاسنی پڕ چەڕەدوکەڵ بایخی زۆرتری لە گایەکی رام نەکراو دەدرێتێ کە ئێمە نایکوژین مەگەر بۆ درێژەپێدانی ژیانی خۆمان.
مرۆڤ دور لە بوونی بوونەوەر دەتوانێ چی بێت؟ ئەگەر هەموو جانەوەران لە ناوبچن مرۆڤ لە تەنیاییەکی گەورەی رووحیدا دەمرێ. بەو پێیە ئەوەی کە بە سەر جانەوەران دێ بە زووی بە سەر مرۆڤ خۆشی دێت.ئێوە دەبێ مناڵەکانتان فێرکەن کە خۆڵی ژێر پێیان خۆڵەمێشی باپیرانی ئێمەیە. بۆ ئەوەی کە ڕێزی زەوی بگرن, بەوان بڵێن کە پڕ بەرهەم بوونی ئەم زەویە لە ژیانی بنەچەکانی ئێمەوە سەرچاوە دەگرن.
ئەوەی کە ئێمە فێری مناڵەکانی خۆمان کردووە ئێوەش فێری منداڵەکانی خۆتانی بکەن و پێیان بڵێن کە زەوی دایکی ئێمەیە. پێیان بڵێن ئەوەی کە بە سەر زەوی بێت بە سەر مناڵەکانیشی دێت. ئەگەر کەسێک تف لە زەوی بکات ئەوە تفی لە خودی خۆی کردوە.
بەلانی کەمەوە ئێمە ئەوەمان لێ حاڵی بووە کە مرۆڤ خاوەنی زەوی نییە بەڵکو زەوی خاوەنی مرۆڤە. ئێمە ئەوە باش دەزانین کە هەموو شتێک بە یەکەوە بەستراوەتەوە, وەک بنەماڵەیەک کە لە ڕێگای خوێنەوە بوونەتە یەک. هەر شتێک بە سەر زەوی بێت بە سەر مناڵەکانی ئەویش دێت. تاروپۆی ژیان لە ڕێگای مرۆڤەوە نەچێندراوە, ئەو تەنیا یەکێک لەو تاروپۆیانەیە. هەر کارێکی کە ئەو لە گەڵ تاروپۆی ژیانی بکات, ئەوە لە گەڵ خودی خۆی کردوە. تەنانەت ئینسانی سپی پێست کە خوا لە گەڵی دەچێت بۆ پیاسەکردن و وەک دۆستێک لە گەڵی دەدوێت, ناتوانێ خۆی لە چارەنووسی هاوبەش بدزێتەوە, سەرەڕای ئەوە, ڕەنگە ئێمە برای یەکتر بین، ئەمە لە داهاتوودا دەتوانین ببینین. بەڵام یەک شت بۆ ئێمە روونە ئەویش ئەوەیە کە ڕۆژێک لە ڕۆژان ئینسانی سپی پێست بۆی دەردەکەوێت کە خودای ئێمە هەردووکمان یەکە. ڕەنگە ئەمڕۆ ئێوە لاتان وابێت کە ئێوە بە سەر خوداشدا هەر وەک زەوی زاڵ بوون, بەڵام ناتوانن بە سەریدا زاڵ بن لە بەر ئەوەی ئەو خودای ئینسانەکانە و ڕەحمەتی بۆ مرۆڤی سوورپێست وەک یەکە. ئەم زەویە بۆ ئەو بەنرخە جێگای ڕێزە, خەسارەت گەیاندن بە زەوی بێ بایخ کردنی خالقی ئەوە.
ڕۆژێک دەگاتێ کە سپی پێستەکانیش لە ناو دەچن, ڕەنگە زووتر لە هۆزەکانی تر. جێی نووستنتان برازێنەوە تا شەوێک لە ناو زبڵەکاندا لە بەر بۆنی گەن بمرن, بەڵام لە کاتی مردندا بە شۆقێکی لە ناکاو دەدروشێنەوە, گڕگرتوو لە توانایی خوایەک کە ئێوەی بۆ مەبەستێکی تایبەت هێناوەتە سەر ئەو سەرزەمەینە,ئەو ویستی کە ئێوە بە سەر ئەم زەوی و ئینسانی سوورپێستدا زاڵ بن.
ئەم چارەنووسە بۆ ئێمە پڕ لە نهێنی ورازە، لە بەر ئەوەی ئێمە تێناگەین کاتێک کە دەبینین هەموو گاکانی رامنەکراو قەتڵ وعام بکرێن, ئەسپەکانی رامنەکراو رام دەکرێن, کون وقوژبنی لێڕەوارە ڕەمزئاویەکان پڕ دەبن لە بۆنی ئینسانەکان و روانگەی بەرزایەکانی چندراو بە گوڵ و سەوزە بە سیمەکانی قسەکەر ڕەش و تاریک هەڵدەگەڕێن.
دارستانەکان لە ناوچوون و هەڵۆ لە چاوان ون دەبێ. و هەمووی ئەوانە هێمایە بۆ کۆتای ژیان و دەستپێکردنی مانەوی پاش مەرگ.

# بە بیانووی کەرکووك و مەرگی گوڵە گەنم



بوون ونەبوون, ژیان ومەرگ, پرۆسەیەکی ئاساییە کە هەموو کائینات و زیندەوەر و بێ گیان دەگرێتەوە! مرۆڤ لە رێگای بیروباوەڕ, ئایین و فەلسەفە, ئیدئۆلۆژی و جۆرەکانی زانستەوە تێکۆشاوە مانای ژیان و مەرگ لای خۆی لێکداتەوە!
بوون و ژیان لای زۆربەی تێرەکانی مرۆڤ بەهای پێدراوە, هەشن مرۆڤی پەیرەوی ئایین کە نەمان و مەرگ بە رزگاربوون لە ژان و دەرد و ئازاری دنیا، دەزانن! مەرگ کارتێکردنی هەرە گەورەی لە سەر رۆح و رەوان و هەست ونەستی مرۆڤی زیندوو هەبووە وهەیە! شێوەی ناعادڵانەی مەرگ وەك خەمێکی گەورە, وەك کارەساتێکی دڵتەزێن, وەك روداوێکی تراژیك دەمێنێتەوە, جا چ مەرگی تاکە کەسە بێ یا مەرگی بە کۆمەڵ! مەرگی هەر خۆشەویستێک ژانی قوڵی هەمە لایەن بۆ بەجێماو بەجێ دەهێڵێ! ئەگەر ژان وئازاری تاکە مرۆڤێك هێندە مەزن بێ, دەبێ ژانی شارێك و نەتەوەیەك چەندە بێ؟!
ئەوەی بۆمرۆڤ مرۆڤ دەکوژێ؟ بۆ دەستە وتاقم, نەتەوە و نەتەوە بەگژ یەکدا دەچن؟ بۆ مرۆڤ مرۆڤ لە ناو دەبا؟ وەڵامی ڕەنگاوڕەنگ و بیانووی هەمە ڕەنگی بۆ هەیە!! جیاوازی بیرو بۆچوون, جیاوازی نێوان دارا ونەدار, دەستەڵاتدار وبێدەستەڵات و یان دەیان هۆ و بیانووی رۆحی ورەوانی وئەخلاقی,فەرهەنگی و ڕێ وڕەوشت! هۆیەکانیش بە پێی کۆمەڵگا و ئاستی تێگەیشتنی مرۆڤ دەگۆڕدرێ! پاش تێپەڕبوونی هەزاران هەزار ساڵ ژیانی ئینسان و سەرهەڵدان و فەوتانی سەدان چەشنە ئایین و فەلسەفە و شێوەی ژیان و بیرو بۆچوون, هێشتا ئینسان عاجزە لەوەی زاڵ بێ بە سەر خۆیدا, هەتا بتوانێ کوشتنی ئینسان بە دەستی ئینسان حەرام کاو رەدی کاتەوە! تراژدی ژیانی ئینسان لێرەوە دەست پێدەکا! مرۆڤێکی عاجز بە سەر خۆی و گۆی زەویدا بە رواڵەت زاڵە! و ڕەنگە خۆی و گۆی زەوی بەرە و نەمان, بەرەو مەرگ بەرێ, هەرچەند بێ ئەوەش رۆژێك گۆی زەوی و دانیشتوانی نەمانیان لەبەرە!
لێکۆڵینەوەیەکی تێروتەسەل و مەیدانی بە گوێرەی مێژوو لە بەر دەستدا نییە هەتا بزانین کام بەشی ئەم گۆی زەوییە و دانیشتوانی زۆرترین ودرندانەترین ئاکاری نەمان وکوشتنیان لە خۆیانەوە نیشان داوە! لە مێژوودا ناوی چەنگیزی مەغول و ئەسکەندەری یۆنانی, ستالین و هیتلێر و موسیلینی و شاکانیئێران و سوڵتانەکانی تورکیای عوسمانی و خەلیفەکانی عەرەب و ناودارانی ئیسلام و مەسیحیەت هاتووە کە زیاتر لە داچاندنی گەنم کە مایەی ژیانە, خوێنیان رژاندووە و سروشتیان وێران کردووە! ئەمرۆش پاش تێپەڕبوون چەند هەزار ساڵ بە سەر ئایینی بوودا و زەردەشت و یەهوداد و دووهەزار ساڵ ئایین مەسیحیەتی و هەزارو چوارسەد وبیست ساڵ ئایینی ئیسلام و هەزاران ساڵ فەلسەفە و ئیدئۆلۆژی جۆراجۆر, مرۆڤ هەر خەریکی شەڕ و یەکتر کوشتنە! باوەڕمەندانی هەمووی ئەم ئایین و فەلسەفە و ئیدئۆلۆژیانە بوونەتە مایەی شەڕ و پێشگریی شەڕیان کردووە! مێژوویێکی وا ئیسپاتی دووربوونی مرۆڤە لە گەوهەری مرۆڤایەتی!
کێ دەتوانێ بڕیار بدات کێ بمرێ و کێ بمێنێ؟ چ شتێك بکوژو کوژراو لە یەك جیا دەکاتەوە؟!
کەرکوك, هەڵەبجە وئەنفال, قارنا وقەڵاتان ودەرسیم! شەڕی دمکرات و قیادەی مووقەتە! دمکرات وکۆنگرەی چوار! یەکیەتی و پارتی! یەکیەتی و شیوعی! پارتی و پ.ك.کا! پ.ك.ك و یەکیەتی وپارتی! پ.ك.ك و پ.ك.ك! پ.ك.ك و سوسیالیست! پ.ك.ك و شورشگێران و دەیان و سەدان شەڕی نێوان میرو میرەکانی کوردستان, بە تێکڕا مێژوویێکی تراژیکە! تراژیك بەو مانایە کە بکوژ وکوژراو ئاکاری وەك یەکیان هەیە و تەنیا بیانووەکان جیاوازن! لە وڵاتێکدا کە زەوی خوێن مژ بێ گەنم شین نابێ! زەوی بێ گەنمیش ژیان نادا!
مرۆڤی سەر گۆی زەوییەك کە بیری کوشتن و شەڕ لە ئایین و فەلسەفە و قانون و ئیدئۆلۆژیا لە مێشکیدا هەبێ, کەی دەتوانێ مانا بدات بە ژیان جا چ ئوروپا و ئامریکای ئاشتیخواز بێ؟!! چ ئافزیقاو ئاسیای شەڕخواز!؟ کەرکوك و کوردستانیش لە نێوان شەڕو ئاشتیدا ژیانی تراژیکیان رەقەم لێدراوە!!!

31.8.2000

ئەم نووسراوە لە ژمارەی 36 و37ی «بارزان »کە تایبەت بوو بە کەرکوك لە مانگی مای 2001دا چاپکراوە



گەڕانەوە



# ئیعدام
# کوشتن
# هەڵواسین

کوشتنی ئینسان بە دەستی ئینسان مێژوویکی درێژی بە قەرا تەمەنی خودی ئینسان هەیە. سەرەتا ئینسان یەکتریان بۆ درێژەدان بە ژیان وەك دەڵین بە پێی قانونی (تنازع بقا) کوشتوە، واتە بە خاتری تێر کردنی زگ و یا زیندو مانەوە. بەم پێیە هەر کەس توانا وزۆری فرەتری هەبووە، بەشی ئەوی تری خواردوە، هەر وەک چۆن سروشتی هێندێک زیندەوەر وایە.
دەرباز بوون لەم دەورەیە وەختایەکە کە ئینسان هەستی داگیرکردن تێیدا تەشەنە دەکا، بۆئەوە زۆرتری هەبێ و هاسانتر وتێروتەسەلتر بژی. ئینسان ماڵی ئینسانێکی تری زەوت و داگیر کردووە و کوشتنی کەسانی دی کردۆتە پیشەی خۆی.
بە دروست بوونی بنەماڵە, تایفەو ئەشیرە کوشتنی غەیری خۆ، دەبێتە ئاکار وخو و خدەی ئینسانی. لەو دەورەیەدا کە ئینسان دەکەوێتە بیرکردنەوە و ناسین و لێکدانەوەی دەوروبەر و سەردەرهێنان لە وجودی کائینات، ئایین پێك دەهێنێ کە یان لە جامەی سروشتدا خۆی دەنوێنێ، یان لە جامەی خەیاڵی دا، یاخود لە هەیکەلی ئینسان و حەیواندا. لەم دەورەیەدا پەیرەوانی ئایینەکان بۆ داسەپاندنی ئایینی خۆیان و بەرینترکردنی شوێنی دەستەڵاتیان، یەکتریان کوشتوە. ئەگەر لە دەورەی یەکەمدا هۆی مادی دەستەواژە بووە بۆ کوشتن، لێرە بە دواوە هۆی غەیری مادی تێکەڵ بە هۆی مادی دەبێت.
دروست بوونی دەستەڵاتی مەزنتر لە چوارچێوەی یەک جوغرافیادا کە رەنگە ئینسانی پەیرەوی چەند ئایین و ئەشیرەش بووبن، هۆیەکی نوێی ترە بۆ کوشتنی دانیشتوانی جوغرافیایەکی تر. لە درێژەی ئەم رەوەندەدا دروست بوونی ئیمپراتوریەکان هۆی تازەتر دەخوڵقێنێ بۆ کوشتنی تاك و مرۆڤی بە کۆمەڵ. گۆڕینی کۆمەڵگا و دروست بوونی کۆمەڵگایەکی چەند وەجهی و گۆڕین لە ساختارێکی ساکارەوە بۆ ئاڵۆزتر هۆی کوشتنی ئینسان بە دەستی ئینسان چەند لایەن تر دەکات.
هاتنی ئایینی غەیری مادی و دۆزینەوەی تاك پەرستی وەك فکرو فەلسەفە و ئایین، دەستپێکی دەورەیەکی تازەترە بۆ کوشتنی ئینسان بە دەستی ئینسان. مەسیحیەکان و موسڵمانەکان هەر کام بە نۆبەی خۆیان بنەمای فلسەفی و فکری بۆ کوشتنی ئینسانی غەیری خۆیان دادەرێژن. ئیقراردەرکێشانی سەدەکانی ناوەراست و کوشتنی ئینسانەکان بە هۆی باوەڕ پەیدا نەکردن بە ئایینی مەسیحی و یا کوشتنی ژنان بە خاتری جنسی جیاواز لە پیاوان و ناوبردنیان بە جادوگەر و لە ژێرخانی کلیساکان زیندەبەچاڵ کردنیان، رووپەڕێکی تازەتر بۆ کوشتنی ئینسان دەنوێنێ. محەمەد پەیامبەری موسڵمانەکان بە هێنانە گۆڕێی فتوای "جیهاد" شەڕ لە رێگای خودا دا، شەڕ و کوشتنی غەیرە بە ویستی خودا لە قەڵەم دەدا. بە شوێن ئاییندا، فەلسەفە کەوتە داڕشتنی بنەمای فکری بۆ کوشتنی ئینسان. لایەنگرانی فەلسەفەی جیاواز کاتێک لە قانع کردنی یەکتر دادەمێنن، چەشنە جیهادێکی فەلسەفی دژی لایەن و لایەنەکانی تر بەکار دەهێنن. لە پاڵ ئەمەدا چینایەتی بوونی کۆمەڵگا و بوونی چین و توێژی جیا جیا و جیاوازی نێوان داراونەدار کوشتنی هەر کام لە چین وتۆژەکانی کردە مەبەست و ئامانجی چین و توێژەکان. دابەش بوونی ئینسانەکان بە سەر زمانی جیا جیا و یان تیرەی جیاجیا و بە زمانی سەدەکانی 18 و19 و20 نەتەوەکانی جیاجیا، بوو بە هۆی کوشتنی نەتەوەکەی تر، کە لێرەدا جگە لە ئایین و نیژاد مەسەلەی ئابوریش دەور دەگێڕێ، هەر لەم دەورەیەدا داگیرکردنی داهات وسامانی نەتەوەکانی تر و یا سەرزەوییەکانی تر پەرە دەستێنێ. سەر هەڵدانی ئیدئولۆژی لە شێوەی نوێدا لە سەدەکانی 19 و20 ئاستێکی نوێتر بۆکوشتنی ئینسان لە چوارچێوەی فەلسەفەو فکری ئینسانی دەهێنێتە گۆڕێ.
ئەمڕۆ ئینسانی خاوەن مێژووی کوشتن، نە تەنیا لە چوارچێوەی بیرو فکرو فەلسەفەو ئایین وئیدئۆلۆژیدا، کوشتنی ئینسانی بە دەستی ئینسان تئۆریزەکردوە، بەڵکو لە زۆربەی وڵاتان بە تایبەت وڵاتانی ئیسلامی کوشتن بۆتە قانون، ئەم قانونەش تەنیا ئینسانی شەڕوڕ وخەتکاری ئینسان کوژ ناگرێتەوە، بەڵکو سەرجەم هەموو ئەو ئینسانانە دەگرێتەوە کە بە درێژایی مێژوو بە بیانووی جیاواز کوژراون. بە ناوی قانون ئینسانکوژ محاکـمە دەکرێ و بە ناوی قانون دەکوژرێ، واتە ئینسان کوشتن خۆی دەبێتە رێگاچارە بۆ لە ناوبردنی ئینسانکوژ، ئەوەش مەنتقی ئینسان خۆیەتی.
نژادکوشتن, فکر کوشتن, ئایین کوشتن و ئیدئوولوژی کوشتن هەم قانونە و هەم فکرو بگرە عادەت. نە تەنیا قانون بەڵکو لە زۆربەی وڵاتانی دنیا کوشتنی ئینسان بە دەستی ئینسان چەشنێك ئاکار و فەرهەنگە، چەشنێك رێگا چارەیە بۆ رازیکردنی نەفەس ویان خۆدزینەوە لە قانون.
ئینسان توانیویەتی کەرەسەی کوشتنیش لە شتێکی ساکارەوە بگەیەنێتە بەرزترین پلە. بۆ ئەوەش ئەمڕۆ لە سەر گۆی زەوی بە ئەندازەی حەوت جار نابودکردنی هەموو خەڵکی سەر گۆی زەوی چەك هەیە! بازاری چەك و چەشنی چەکەکانیش هێندە جۆربەجۆرن بۆ هەمو زەوق وعەلاقەیەك چەکی خۆکوشتن هەیە. لە دەرمانداوکردنەوە هەتا کورسی ئەلکترونیکی، کە ئەوەیان بەرهەمی پێشکەوتنی سەرزەمینی ئامریکایە. هەڵواسین بە جەرەسەقیل وبەردەبارانکردنیش چەشنی ئێرانی و ئیسلامییەکەیەتی!
لەشکرێك زانا و پرۆفیسور لە بەرزترین پلەی زانستیدا، هێزی مادی ومەعنەویان بۆ پەیداکردنی کەرەسە و شێوەی تازەی ئینسان کوشتن بەکار دەهێندرێ، ئەو بازارەش کالای تازەتری تێدا دەگەڕێ، یەک لەوانە چەکی ئەتۆمییە. ئەوەی کەی ئینسان لە دەست خۆی وەك ئینسان کوژ رزگاری دەبێت رەنگە پرسیاری هەر ئێنسانێك بێ.


گەڕانەوە

# خەتین ، درسدن و هەڵەبجە



« **خەتین**» شارێکی«بلاروس»ە, نازییەکانی ئاڵمان لە شەڕی دووهەمی جیهانی، خەڵکی شارەکەیان بە شێوەیەکی دڕندانە قەتڵ وعام کرد. پاش شەڕ ئەم شارە ئاوەدان کراوە. بۆ ئەوە مێژوو و بەسەرهاتی خەڵکەکە لە بیر نەچێتەوە و ڕێز لە ئینسانەکان بگرن، کوژراوەکان لە گۆرستانێکی پڕ لە گوڵ کۆ کراونەتەوە وناوی تەواویان نووسراوەتەوە. گۆڕەکان هەستی مرۆڤی زیندوو دەبزوێنن و نووسراوەکان ئینسان دەخەنە بیرکردنەوە. هەروەها گۆڕستانەکە لە دارستانێکی پڕ لە ناقوس دەچێ, هەر سێ سانییە جارێك گۆرستانەکە پڕ لە زەنگی ناقوسەکان دەبێ, زەنگێك کە بیزاری لە شەڕ دەردەبڕێ.

« **درسدن**» شارێکی ڕۆژهەڵاتی ئاڵمانە، هاوپەیمانەکان لە شەڕی دووهەمی جیهانی، ڕۆژ و شەو 15000 بۆمبیان بە سەر ئەم شارەدا باراند تا ئەو جێگایە، شار بە تەواوی خاپور کرا و دەیان هەزار کەس کوژران. ئەمڕۆ ئەم شارە ئاوەدان کراوەتەوە و یەکێك لە شارە بەناوبانگەکانی جیهانە و لە لایەنی فەرهەنگی, سەنعەتی, ئابوری و توریستیەوە ناسراوە. خاپوربوونی شارەکە و کوژراوەکان لە بیر نەکراون, جگە لە موزەخانەکان دەیان شوێن لەم شارەدا مرۆڤ دەخاتەوە بیری نازییەکانی ئاڵمان. هیروشیما و ناکازاکی دوو شاری ژاپۆنن کە لە کۆتایی شەڕی دووهەمی جیهانی، کەوتنە بەر هێرشی چەکی شیمیایی ئەمریکایەکان و تراژدییەکەی گەورەی ئینسانی لێکەوتەوە. ئەمڕۆ ئەم دووشارە باشتر لە جاران ئاوەدان کراونەتەوە و خەڵکەکەی هەموو ساڵێك بە گشتی ڕێز لەو کوژراوەکان دەگرن و بیر لە کارەساتەکە دەکەنەوە. لە هەموو وڵاتەکانی سەر گۆی زەوی شارو گوندی لەم چەشنە هەیە و لە داهاتوشدا ژمارەیان زیاتر دەبێ.

« **هەڵەبجە**» شارێکی کوردستانە، کە بە درێژایی مێژوو گەلێك جاران توشی وێرانکردن و کۆمەڵکوژی هاتووە، هەر لە شەڕەکانی ئەسکەندەری مەقدونییەوە هەتا هێرشەکانی مەغول وتەتەر وعەرەب وتورك و عەجەم. بە وتەی شاعیری بیرمەند، عەبدوڵا پەشێو هەر بستێکی کوردستان شوێنی کوژراوێك و وێنەی بستێك زەوی خاپورکراوە. لە ناو شارو گوندەکانی کوردستان، « هەڵەبجە» وێنەی تراژیکترین شاری وڵاتی کوردانە, شارێك کە هێشتا خاپورە, هێشتا پڕ لە ئازارە, هێشتا داگیرکراوە! هەڵەبجە تەنیا وێنەی شارێکی وێران و پڕ لە کوژراو و پڕ لە گۆڕی بە کۆمەڵ و پڕ لە پەکەکەوتە وبریندار نییە, بەڵکو وێنەی دوو چەشنە ئینسان, دوو چەشنە سیاسەت, دوو چەشنە فەرهەنگ, دوو چەشنە بیروئاکاری دوو چەشنە ئینسانە! یەکەم ئەو ئینسانانە کە لە لوای ئازادکردنی هەڵەبجە وداگیرکردنی شارەکە و بۆمباران کردنی شیمیایی شارەکەدا، یەك ڕواڵەت وبیرو سیاسەتیان هەبوو, دووهەم ئەو ئینسانە کە لە شاری هەڵەبجەو گوندەکانی دەوروبەر، بوونە قۆچی قوربانی سیاسەت و خەیانەت. هەڵەبجە پاش ئازادکردنی کوردستان نە تەنیا برینی سارێژ نەکرا بەڵکو بە دەستی کورد ئازارەکانی زیادیان کرد. سیاسەتمەدارانی باشوری کوردستان لە ماوەی فەرمانرەوایاندا:

- چ ئازارێکیان لە خەڵك کەم کردۆتەوە؟
- چ پلانێکی ئاوەدان کردنەوەیان بەڕێوە بردوە؟
- چ کارێکیان بۆ سزادانی بکوژان و وێرانکەرانی شارو ناوچەکە کردوە؟
- چ داوایەك بردراوەتە بەر دەمی ڕێکخراوەکانی جیهانی و ئەو دەوڵەتانەی کە بەشداری کارەساتەکە بوون؟

ئەم پرسیارەش دەبێ لە هەمومان بکرێ:

**چ جیاوازییەك لە نێوان ئێمەی کورد و خەڵکی وڵاتانی خاوەن « خەتین», « درسدن», « هیرۆشیما و ناکازاکی» و.. هەیە؟**

- چ جیاوازییەك نێوان سیاسەتمەدارانی ئێمە و باقی جیهان هەیە؟

هەڵەبجە هەم پێوانەیە بۆ دزێوی دوژمنەکانمان، هەمیش پێوانەیە بۆ ئێمەی کورد وسیاسەتمەدارانمان. هەڵەبجە دەکرا ببێتە هێما بۆ گۆڕینی بیرو باوەڕمان، دەکرا ببێتە هۆی گەیشتن بە سیاسەتێکی نەتەوەیی کە هەم ئینسان تێیدا جێگای ڕێز بێ و هەم خاك و نیشتمان و ئازادی تێیدا پڕ بایخ بێ. بەڵام هەڵەبجە ئێستا هێمایە بۆ بێ فەرهەنگی و ڕەچاوکردنی سیاسەتی دژی ئینسانی لایەنەکانی سیاسی وناسیاسی.

خاکەلێوەی 2705



# فەرهەنگ لە نێوان شەڕ وسیاستدا؟



دەزگاکانی جیهانی, ئاپاراتی سیاسی, دەوڵەتەکان، سیاستمەداران, پرۆفیسۆرەکانی دانشگاکانی جیهان و دەستەیەك لە فەیلەسوفەکان خزاندویانەتە ناو مێشکی مرۆڤەوە کە« شەڕ درێژەی سیاسەتە» واتە گیروگرفت و کێشەی سیاسی کاتێک بە گفت وگۆ چارەی نەهات، دەبێ بە شەڕ چارە بکرێ. خاوەنی ئەم بیرە بەکارهێنانی زۆر, کوشتن وبڕین, وێران کردنی ماڵ وژیان و لە ناو بردنی سروشت وئینسان بە درێژەی سیاسەت لە قەڵەم دەدات، ئەڵبەت ئەم تێز و فکرەش بە پاڵپشتی زانست دەرخواردی ئینسان دەدرێ!

فەلسەفەی« شەڕ درێژەی سیاسەتە», کە سیاسەتمەداران لە دانشگاکان و دەرەوەی دانشگاکان فێری دەبن دەیەوێت ئەوە لە مێشکی ئینساندا بچەسپێنێ کە بەکارهێنانی«شەڕ» کارێکی ڕەوا و ئینسانییە! بەڵام مێژوو دژی ئەم بۆچوونە دەسەلمێنێ. هەموو ئەو شەڕانە کە لە سەدەی بیستەم و بەر لەو ڕوی داوە کامیان درێژەی سیاسەت بوون؟ شەڕی یەکەم و دووهەمی جیهانی بۆ چارە سەرکردنی کام کێشەی سیاسی هاتە کایەوە کە بە گفت وگۆ چارەسەر نەدەکرا؟ شەڕی ویتنام کام گیروگرفتی سیاسی حەل کرد؟ شەڕی ئێران و عێراق, شەڕی کەنداو کام مەسەلەی سیاسی چارەسەر کرد؟ شەڕی عەرەب وجوو کام مەسەلەی سیاسی چارە سەر کرد؟

ئایا هەرکام لەم شەڕانە دەستپێکردنی شەڕێکی تازەتر نەبوون؟ ئایا شەڕەکانی یەکەم و دووهەم پاشان نەبوونە سەرچاوەی 70 ساڵ شەڕی سارد, واتە شەڕی فەرهەنگی, ئیدئولۆژێك, سیاسی وئابوری؟ ئاکامی ئەو شەڕەش دابەشکردن و دابڕانی ئینسان لە یەکتر بوو.

ئایا تروریسمی سەدەی بیست و سەدەی بیست ویەك درێژەی هەمان شەڕ نییە کە ڕۆژ بە ڕۆژ لایەنی عەقیدەتی وفکری وفەرهەنگی و ئایینی بە خۆیەوە دەگرێ و ژیانی هاوبەشی ئینسانەکان دژوارتر دەکات؟ ئایا ئەوە درێژەپێدانی شەڕی فەرهەنگی نێوان موسڵمان و موسایی , موسڵمان و جوو, ئاسیایی و ئوروپی, سەر ڕەش وسەر کاڵ, شەرقی وغەربی نییە؟ ئەویش نە لە دوو وڵاتی دور لە یەك, بەڵکو لە دوو ماڵی پەنا یەك لە هەر کام لە شار و گوندەکانی جیهان!

لەم ڕۆژانەدا ئینسانەکان لە هەموو گۆی زەوی هاتونەتە سەر شەقامەکان، هاواری دژی شەڕ بەرز دەکەنەوە و داوای ڕێگای ئاشتیانە بۆ چارەسەری کێشەکانی سیاسی دەکەن. بەڵام وا دەردەکەوێ کە پارامێتری خەڵك, ناسیون, هاووڵاتی, شەهروەند لە سیاسەت دا جێگای نەمابێت! دەستەڵاتی هەموو دەزگا و ڕێکخراوەکانی لایەنگری ئاشتی بێ هێزتر و بێ کەڵکتر لەوەن کە بتوانن سیاسەتی شەڕخوازانەی کارتێلەکانی نەوتی ونیزامی وئابوری پوچەڵ کەنەوە! ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتوەکانیش وەختێك حیسابی بۆ دەکرێت کە بڵیندگۆی ڕەسمی ونارەسمی فەرماندەکانی شەڕ ویا 8 دەوڵەتی سەنعەتی جیهان بێت! بە گوێرەی دوکترینی ئامریکاو هاوپەیوەندەکانی شەڕ درێژەی سیاسەتە و دەکرێ بێ گوێدان بە سیاسەتی ڕێکخراوەکانی ناونەتەوەی بەڕێوە بچێ.

پرسیارێکی تری ئەم بازنەیە دەوری فەرهەنگە! وا دەردەکەوێ کە فەرهەنگی ئینسان لەم بازنەیەدا هێندە بێ هێز بێ، کە توانای بەرگری لە حاند مەنتقی شەڕی، لە دەست دابێ! وادیارە ئینسانی ئەو سەردەمە هێشتا خاوەنی فەرهەنگێك نییە کە مەنتقی شەڕو شەڕخوازی ببەزێنێ! وا دیارە فەرهەنگی ئینسانی گلۆبال و گلۆبالیستیش کالایەکی بازارەکانی فەرهەنگ بێ, نە بیروباوەڕی ئینسانی ئاشتی خواز بۆ ژیانی هاوبەشی هاووڵاتیانی سەر گۆی ئەم زەوییە.

نووسەرێکی ئامریکایی بەناوی« دانییەل یوناه گۆڵدهاگن» لە کتێبەکەیدا بە ناوی «بەڕێوەبەرانی خواستەکانی هیتلەر» دەنووسێ کە «بەڕێوەچوونی ویستی فاشیستەکان بۆ قڕکردنی ئینسانی غەیری ئاڵمانی, ویستی هەموو ئاڵمانییەك بووە» ، واتە ئەو کەسەی کە لە حاند قرکردنی کەسانی جگە لە خۆی بێ دەنگ بووە, دەنگی لە گەڵ دەنگی قڕکەرەکان بووە نەقرکراوەکان.

ئەمڕۆش لە ڕۆژگاری گلۆبالیسمدا کە هەموو دنیا بە گوندێك دەچوێندرێ, شەڕهەڵایساندن لەو گوندەدا و بێ دەنگی خەڵکی گوندەکە و یا چەواشەکردنی ڕاستییەکان بە ناوی سیاسەتی ڕێئاڵ بە چ مانایە!؟ خەوکەرانی کوردیش بە هەموو توانایانەوە دەیانەوێ هەم چاوی خۆیان بنوقێنن، هەم چاو بە خەڵك بنوقێنن, ئەو کەسانەش چاویان نەنوقێنن ئەوە خۆڵ دەکەنە چاویانەوە, ئەمەش چەشنێك لە سیاسەتە!

دوا وتە, شەڕ درێژەی سیاسەت نییە! شەڕ درێژەی شەڕە! سیاسەت درێژەی سیاسەتە, فەرهەنگیش درێژەی فەرهەنگە, بێ فەرهەنگیش درێژەی فەرهەنگ نییە! لێرەشەوە وادەردەکەوێ کە ئێمەی ئینسان لە لایەنی فکری وئینسانییەوە لە سەردەمی ئەفلاتون و ئەرەستو دور نەکەوتوینەتەوە, واتە یەکمان چەواشەی ڕاستییەکان دەکەین و ئەوی دی بەشوێن دۆزینەوی ڕاستیدا دەگەڕێین.

ئەم پرسیارش بێ وەڵام دەمێنێتەوە: ئەگەر ئینسان پاش تێپەڕبوونی چەند هەزار ساڵ ، هێشتا لە سەر بنج وبنەوانی فکری شەڕخوازانە بڕوا, ئەی کەی کاتی عەقلیەتی ئاشتی و گفت وگۆ وچارەسەری کێشەکان لە ڕێگای گفت وگۆوە دەگات؟؟

30.1.2003

# کۆماری کوردستان و منداڵەکانی



ئەو منداڵانەی کە لە رۆژی 2ی رێبەندانی ساڵی 2645 لە کوردستان لە دایك بوون, دەبوو لە وڵاتێکی ئازاد و سەربەستدا, پڕ لە بەختەوەری گەورە بن.
ئەوان دەبوو چەوسانەوە, قەدغە بوون و ئازارکێشان, کوشتن, ئاوارەگی, بێ حورمەتی پێکردن, کەسایەتی کوشتن, لایان وشەگەڵێکی نامۆ بێ.
ئەوان دەبو لە خویندنگاکانی شارو گوند بە زمانی خۆیان مێژوو, جوغرافیا, فەرهەنگ و ئەدەبیاتی گەلەکەیان فێربن.
دەبوو لە زانستگاکان زانست و هونەرو تەکنیك بە زمانی کوردی بخوێنن.
ئەوان دەبوو  لە وڵاتی خۆیان کوردستانەوە بۆ وڵاتەکانی تری دنیا بچن و وەك میللەتێك و وئەندامانی وڵاتێك حیسابیان بۆ بکرێ. لە دەرەوەش ئەگەر کارێکیان هەبایە دەبوو لە هەر وڵاتێك بچنە باڵوێزخانەی کوردستان.
دەبوو گوندەکانی کوردستان لە رێگای بەرنامەکانی وەزارەتی کشت وکاڵ, وەزارەتی پەروەردە, وەزارەتی فەرهەنگ وهونەر, وەزارەتی گەشت وگوزار و وەزارەتەکانی سەنعەت وئابوری ئاوەدان بکرێنەوە و بەهەشتێك بۆ گوندنشینەکان ساز بکەن.
شارەکانی کوردستان دەبوو لە ماوەی 57 ساڵی رابوردودا لە لایەنی سەنعەتی وئابوری وفەرهەنگی وشارستانییەتەوە گەشە بکەن و خەڵکی شارەکان بە پشت بەستن بە شارستانییەتی کۆن وپێشکەوتنی سەردەم ژیانێکی پێشکەوتوانە و شارستانیانەیان هەبێ و یارمەتی وڵاتانی ئازادنەکراو بدەن, بەم چەشنە کورد تێکەڵاوی شارستانییەتی جیهانی ببێ.
ساڵی 2702 دەبوو بەرنامەی 5سڵانەی دەورەی 12ئابوری دەست پێ بکات و لە هەمان ساڵدا هەڵبژاردنی دەورەی 11ی پارلەمان کۆتایی پێهاتبێ و دەورەی 12 پارلەمانی کوردستان دەستێ پێکرابایە.
ساڵی 2702 دەبوو وەزارەتی دەرەوەی کوردستان لە گەڵ نوێنەرانی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان دابنیشێ تا وەزعی کوردەکانی نیشتەجێ لە وڵاتانی عەربی وپاکستان و وڵاتانی قەفقاز و روسیا یەك لا کاتەوە و چارەنووسی هاوڵاتیان لەم وڵاتانە رۆشن کاتەوە.
دەبوو سەرەتای ساڵی 2700 کۆبوونەوەی چەند قۆڵی نیوان, ئێران,تورکیە,عێراق,سوریا, ئەفغانستان، ئازەربایجان و کوردستان دوایی هاتبایە و کێشەی زەوی نێوان کوردستان و ئەو وڵاتانە بە بەشداری نوینەرانی پارلەمانی ئوروپاو رێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان کۆتایی پێ هاتبا.
دووی رێبەندانی ساڵی 2702 دەبوو یادی 57 ساڵەی کۆماری کوردستان بە بەشداری رابەرانی گەورەی دنیا لە کرماشان یان لە مەهاباد یان لە هەولێر یان ئامێد و ئیلام جێژن گیرابا!
دووی رێبەندانی ساڵی 2702 نزیك دەبێتەوە!
ئەو منداڵانە کە لە دووی رێبەندانی ساڵی 1946 لە دایك بوون, ئەمرۆ یان مردوون یان پێرێکی 57 ساڵەن! ژیانی رۆژانەیان حەسرەت وئازارە و خەونەکانیشان لە گەڵ ئەشکەنجە وئازار روبەروە!

21بەفرانبار ساڵی 2702

# هەڵپەرکێ و دەهۆڵی ئاغا

(لە پەراوێزی فەرمایشتەکانی ئاغای حەمید تەقوایی)[1]

هونەر وفەرهەنگ گرێدراوی زەمان و بارو دۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوری و تەکنیک و زانست و پەروەردەی سەردەمی خۆیەتی و دەتوانێ لایەنی باش و خراپی هەبێ! فەرهەنگ و هونەری کوردیش هەر بەو پێوانەیە مەزندە دەکرێ و جێگای خۆیەتی لایەنەکانی خراپ و دزێو و بگرە گەندەڵی بکەوێتە بەر رەخنەو گازندە و لێکۆڵینەوەی لە سەر بکرێ. ئەوەش دەبێتە هۆی پێشکەوتنی فەرهەنگ وکۆمەڵگا. بەڵام ئەگەر کەسانێک لە رووی نەزانی و یان بە پێی بنەمای بیری شۆنیستی و پاوانخوازی, پەلامار بۆ سەر فەرهەنگ و هونەر وپێناسەی کۆمەڵێک خەڵک یان نەتەوەیەک بە مەبەستی بێ رێز کردنی بەرن, ئەوە نە هەڵسەنگاندنە و نە رەخنەیە و نە سیاسەت, بەڵکو دوژمنایەتییە و ژێرپێ خستنی پرنسیبەکانی ئینسانییە. ناسیۆناڵ سوسیالیستەکانی ئاڵمان و زمانی ئاڵمانی بە کۆچەرانی "رۆما و سینتی"یان دەگوت و دەڵێن( تسیگۆینە). لە زمانی ئاڵمانیدا (تسی) بە مانای کشانەوە و کشان دێت, وشەی"گاونا" بە مانای تەڵەکەباز هاتووە و مانای وشەکە لە سەر یەک دەبێتە"تەڵەکەباز دوورکەوە, ون بە, برۆ). قەرەچی و جولەکەکان لە لایەن ئاڵمانییەکانەوە وا پێناسە دەکران کە ئەوانە پیس و چەپەڵ و ناشارستانی و مرۆڤی کەم بایختر لەوانن. هەر بۆیە بە ملیۆنان ڕەوانەی ئۆردوگاکانی کاری زۆرەملی و کورەکانی ئینسان سووتاندن کران. هیتلێر و حزبەکەی بۆ بە ڕەوا لە قەڵەمدانی کۆمەڵکوژییەکەی کەڵکی لە بیری فەیلەسۆفانی ئاڵمانی وەرگرت. یەک لەم فەیلەسوفانە جەنابی نیچە بوو. ئەمرۆش بەشێکی بەرچاو لە رابەرانی نئۆفاشیستی ئاڵمان هەمان ڕابەرانی چەپی ئەم وڵاتەن, وەک رابەرانی پێشووی (فراکسیۆنی سپای سوورRAF).
لە ئێرانیشدا ئەگەر کەسێک و لایەنگرانی ڕەوتێکی سیاسی لە ئیدئۆلۆژی چەپی چەپەوە بەرەو راستی راست و شوونیسم و ڕەگەزپەرستی خزابن و یان بخزێن دوور لە چاوەڕوانی نییە. ئەگەر کۆنە کۆمۆنیستێکی فارس بێزی لە هەڵپەرکێ و جل و بەرگ و زمان و فەرهەنگی نەتەوەیەکی جگە لە نەتەوەکەی خۆی بێتەوە نابێت دوور لە باوەڕ بێت. ئەگەر کەسێکی وا زمان و فەرهەنگ و تەنانەت کۆمۆنیستەکانی نەتەوەی خۆی بە باڵاتر و بەرزتر لە کۆمۆنیستەکانی نەتەوەکانی تری ناو حزبەکەی خۆی بزانێ، دیسان دوور نەرۆیشتووە. هەموو حزب و رێکخراوەکانی ڕابەر فارس یان فارس مەسلەک هەموو کات وایان بیر کردۆتەوە, جا چەپ و میللی و دێموکرات وئیسلامی بووبێتن یان تێکەڵێک لە هەموو ئەوانە.
کۆنە شاعیری شیعری "فەرشی ماڵەکەم" پەلامار دەباتە سەر ناودارانی نەتەوەی کورد و هاوتا فارسەکەی لەوەش زیاتر هێرش دەباتە سەر فەرهەنگ و هونەری کورد و بە زمانێکی داڕزاو شاگردەکانی فێری کوردستیزی و فەرهەنگ ستیزی دەکات. مەبەستی ئەم جووتە نامەڕبوتە لەم دوژمنایەتیە چییە؟
بۆ ئەم دوو جەنابە هەر بەم ڕبەیە مامەڵە لە گەڵ سەرانی بێ سەری فارس و فەرهەنگی"باباکەرم" و"مامان جونم شوهر کردە" ناکەن؟ بۆ پیسی و چەپەڵی 100 ساڵ سیاسەتی گەندەڵی رابەرانی بێ کیفایەت و بێ شەخسیەت و مل کەچی خۆیان لە حاند رۆژئاوا و رۆژهەڵاتدا ناخەنە بەر پەلاماری بێ رێزی. ئەگەر ئەم دوو جەنابە دور لە شانتاژ, قسەو بۆچوون و لێکۆڵینەوەیان هەیە بۆ هەڵیناریێژن؟ بۆ بە زمانێکی بێ نرخ دەدوێن؟ ئایا ئەوە تەنیا زمانە کە فێری بوون؟ ئەم رابەرانە ئەگەر نییەت پاکن بۆ هەرەوزێک ناکەن بۆ پاک کردنەوەی فەرهەنگ و هونەر و زمانی داڕزاوی فارسی کە مەلاکان و شەخسی خۆیان لە گرێژنەیان بردۆتە دەر[2]. ئەمرۆ بە پێی لێدوانەکان لە هەر 10 فارسی مادرزاد 6کەسیان فارسی رێک و پێک قسە ناکەن. دەبا جەنابیان پەلامار بەرنە سەر تەلەوزیۆنەکانی تاران و لوسآنجلس و بێژن بۆ بەم زمانە هەچل هەفە قسە دەکەن کە لە بەر یەک ڕەوێندراوە! ئەو زمانەی کە زەمانێک حەسەنەکی وەزیری پێدەنووسرا و شێعری پێدەهۆندرایەوە, ئەو ئەدەبیاتەی کە توانیبووی کەسایەتییەک لە سەر سەکۆکانی شانۆ پەیدا بکات و یا ئەو زمانەی کە لە گۆرانییە ئەبەدیەکانی فارسیدا جێگایان بووتەوە چی لێ بەسەر هات؟! هەر ئەو زمانەی کە جەنابت وەک تارانی لە زارتدا هەڵیدەسووڕێنی و کوردەکانی پێ هان دەدەی کە وەک جەنابت بێ لەهجە قسەی پێ بکەن، چەندی بە چەندە؟ کاکی برا تۆ خۆت و فەرهەنگ و زمانەکەت و هۆویەتی میللیت بە وتەی برای شاعیرت(شاعیری فەرشی ماڵەکەم)"پڕی خشت وخاڵە" و "راتڵەکاندنی گەرەکە". جەنابت پێویست ناکا خەمی ڕاتلەکاندنی لاوی کورد لە کەلەتدا هاتوچۆ بکات.
خانەات "از پاییست ویران است" و "در فکر نقش ایوان" دیگران هستی؟!
حەزرەتێن بۆ ناچن گرفتی سیاسی و رێکخراوەی و رەوانی و فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی و زیهنی خۆیان چارەسەر بکەن کە ماوەی 25 ساڵە وەک مۆتە سواریان بووە. ئایا گێچەڵ بە کورد و ڕابەرنی کورد و لاوانی سەنندەجی فرۆشتن, رسوباتی نێو مێشکی ئەوانە خاوین دەکاتەوە؟. مەبەستی ئەم سیاسەت پیشە قەڵبانە ئەوە نییە گیروگرفتی خۆیان چارەسەر بکەن کە وەک"ئامیب"یان لێهاتووە و بەردەوام پارچە پارچە دەبن. ئەم بەرێزانە دەرەقەتی ئەوە نایەن مەسەلەکانی خۆیان چارە بکەن هەر بۆیە هاتوون لە مەیدانی گوندەکەدا جاڕی شتی تر لێدەدەن.
ئەگەر ئەم بەرێزانە سەرە ڕای گیروگرفتی خۆیان لێکۆڵینەوەیان لە سەر سیاسەت و ئاکاری سیاسەتمەداران و ڕابەرانی کورد کردبایەو و خاس و خراویان هەڵوەژاردبا، ئەوە گەلێک کەس سپاسگوزاریان دەبوون. ئەگەر ئەم بەرێزانە هاتبان و

فەرهەنگ و هونەری پڕ لە گرێ و گۆڵی کوردیان وەبەر رەخنەی جیدی و سەردمیانە و پسپۆڕانە دابایە و عونسرە قەڵبەکانی ناو ئەم فەرهەنگەیان نیشان دابایە, کێ هەیە کە سپاسی کەسانی وا نەکات؟ کێ هەیە سپاسی ئەو کەسانە نەکات کە هەڵپەرکێی کوردی بە شێوەیەکی جیدی وەبەر پەلاماری رەخنە دەدەن؟ کێ هەیە سپاسی ئەو کەسانە نەکات کە شارەزایانە رەخنە لە جل وبەرگی کوردی دەگرن؟ فەرموون با ئاغایان جل وبەرگی کوردی هەم لە هەڵسەنگاندن لە گەڵ جل و بەرگی تردا و هەم لە سەر بنەمای دیزاین و جوانی ناسی و تایبەتمەندیەکانی لەش و تایبەتمەندییەکانی جوگرافیاو سروشت و ئاو هەوا و کاری رۆژانە بخەنە ژێر باس و لێکۆڵینەوە, ئاکامی لێکۆڵینەوەکەیان هەرچی بوو بڵاوی کەنەوە. ئەگەر ئاکام پێکەنین و داڕزاندن بوو, ئەوە بە دڵی خۆیان قاقا لێدەن و ئێمەش منەتباری لێکۆڵینەوەکەیان بکەن. دیارە ئەم بەرێزان "پیاو"ی ئەم مەیدانە نین و سەریشیان لێیدەرناچێ هەر بۆیە "های و هوی" دەکەن.

ئەم هەڵپەڕکێیە کە لە لایەن ئەم خۆ بە ڕابەرزانانەوە هێرشی کراوەتە سەر, مێژووی هەیە و مێژووەکەی کۆنترە لە سەلالەی هێرشکەران. یەکەمجار ئەم چەشنە هەڵپەرکێیە لە پەرستشگاکانی میترابیەکان لە فەلاتی گەورەی ئێراندا ئەنجام دراوە. خەڵکانی ئەو سەردەمە بۆ ئەوەی رێز لە میترا خوداوەندی رووناکایی بگرن لە رۆژی لە دایکبوونی میترادا "شەوی یەلدا-شەوی چلەی زستان, کە درێژترین شەوی ساڵە, قوربانیان بۆ میترا داوە. سەرەتا میترابیەکان لە ئەشکەوتەکان کۆبوونەتەوە و ئاوریان کردۆتەوە, گایان قوربانی کردووە, ژن و پیاو دەستی یەکیان گرتووە بە دەوری ئەم ئاورەدا سووڕاون و هاوڕێ لە گەڵ نەوای ئاهەنگ, هەڵپەریون و چەشنێک لە سپاسگوزاری و نیایشیان نیشان داوە. فۆرمی بازنەیی و دەست گرتن و گۆرانی چڕین و ژن و پیاو پێکەوەبوون هەمان پرێنسیپگەلێکە کە هەر ئێستاش لە هەڵپەرکێی کوردیدا لە بەرچاو دەگیرێ.

لە دەورو زەمانێکی تردا واتە پاش بڵاوبوونەوەی ئایینی زەردەشتی ئەم ڕێ و رەسم و شێوەی هەڵپەرکێیە درێژەی پەیداکردوە, گاتاکانی زەردەشت هاوڕێ لە گەڵ موسیقا و هەڵپەرکێ لە بۆنە ئایینیەکاندا خوێندراونەتەوە. ئەم ڕێ و رەسمە هەر ئێستاش لە هەورامان بۆ زەماوەندی پیری شالیار بەڕێوە دەچێ و لە ناو ئێزەدیەکان و عەلەویەکان و دەرویشەکاندا و زەماوەندی کوردەکاندا بەدی دەکرێ کە ڕابەرانی کوردی رێکخراوەکەی ئاغای تەقەواییش بە وتەی خۆی لە کات و وەختی خۆیدا ئەم جۆش وخرۆشەیان لە خۆ نیشان داوە و کوردانە هەڵپەریون. پاش هاتنی ئیسلام و کوشت و بڕ و خاپورکردنێک کە عەرەب لە کوردستان دەیکەن و بە زۆرەملی ئاخرکۆمەڵەخەڵکی فەلاتی ئێران, یانی کوردەکان دەکەنە موسڵمان و دژ بە هەموو پێکاتەکانی نەتەوەییان رادەوەستن, کوردەکان بۆ پاراستنی هەموو داب و نەریتەکانی تایبەت بە خۆیان لە رووکەشی ئیسلام کەڵک وەردەگرن کە سەمای دەروێشەکان، کە ئەمرۆش بەردەوامە بەرهەمی ئەم سەردەمە بەربەرییەتەیە کە زمانی فارسیش دەگرێتەوە کە 200 ساڵ کپ کرا. کورد لە درێژەی هەزارەکاندا توانیویەتی هەڵپەرکێ بۆ مەبەستگەلی جیاواز بەکار بێنێت. لە وانە بۆ شادی و شیوەن و بۆ شەڕ و خۆپاراستن. گەزەنفون سەرداری یۆنانی لە کاتی گەڕانەوەی دەهەزار سەربازی یۆنانیدا کە بە کوردستاندا تێدەپەڕین دەنووسێ" لە کوردستان لە کاتی تێپەڕبوون لە شاخەکانەوە کوردەکان کە خۆیان لە پشت تاشە بەردەکانەوە حەشاردابوو لە پڕ دەردەکەوتن و بە دەهۆڵ و زورنا و هەڵپەرکێ دەبوونە هۆی ترساندنی ئێمە." دەیان رۆژهەڵاتناسی رۆژئاوایی لە سەردانیان بۆ کوردستان باس لە هونەری هەڵپەرکێی کورد دەکەن. کورد لە چەند سەدەی رابوردودا بۆ مەبەستی سیاسی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و هونەری کەڵکی لە هەڵپەرکێ وەرگرتووە و ئێستاش بەردەوام وەریدەگرێ. بە پێچەوانەی بیری تەسک و دواکەوتوانەی ئاقای تەقوایی <u>لاوانی سەننەجی ئەمرۆ زۆرتر لە هەر کات و زەمانێکی تر مامەڵەی زانستیانە و هونەریانە لە گەڵ هەڵپەرکێی کوردیدا دەکەن. ئەوان ئەگەر قسەکانی جەنابت ببیستن بە حەزرەتی عالی و قسە هۆشمەندانەکانتان پێدەکەنن ,نە بە هەڵپەرکێی پیرە هونەر و تازەداماد</u>. ئەوان ئەمرۆ هەڵپەرکێی کوردی زۆرتر بەرەو زانستی کردن دەبەن. هونەرمەندی شانۆکاری سەننەجی برایم کازمی شانۆنامەی گوڵی خوێناوی ماموستا گۆرانی بە دارشتنی هونەریانە لە رێگای هەڵپەرکێوە لە شێوەی ئۆپێرتدا پێشکەش کرد کە لە لایەن بینەرانی شاری سنەوە بە تایبەت کیژان و کوڕانی ئەم شارەو زۆر بە گەرمی دیتنی لێکرا. تیپی هەڵپەرکێی خانانی سەننەدەج بە سەرپەرەستی دوکتور قوتبەدینی سادقی لە فستیواڵی هەڵپەرکێی جیهانیدا بەشداری دەکات و لە نێوان هەڵپەرکێی نەتەوەکانی تردا بە باشترین دەردەچێ. ئەمرۆ لە رۆژهەڵات و هەموو بەشەکانی کوردستان هەڵپەرکێ و ئێلێمنێتەکانی هەڵپەرکێی کوردی جێگای تایبەتی لە شانۆدا پێدەبەخشرێ. جگە لەوە لە هەموو شارەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان هەر لە ئیلامەوە هەتا ماکۆ بە دەیان تیپی هەڵپەرکێ هەیە کە پسپۆرانە لە گەڵ ئەم هونەرە مامەڵە دەکەن و لە گۆوەند و بەرنامەکانی تردا هونەرنموایی پێدەکەن. نووسەری ئەم دێڕانە لە ماوەی بیست ساڵی رابوردودا لە هەموو کارەکانی شانۆیی خۆیدا لە دەرەوەی وڵات هەڵپەرکێی کوردی ئاوێتەی شانۆ کردووە کە بینەری ئوروپی چێژیان لێگرتووە. هەر لەم رێگایەوە کۆمەڵێک جولەی هەڵپەرکێی کوردی کە تایبەتن بە ژنانی کورد ئادابتە کراون بۆ راهێنانی شانۆگێر کە ئەمرۆ لە تیپەکانی سەر بە "لیوینگ تئاتر"ی ئامریکا وەک دەرس دەگوترێنەوە. رەنگە جەنابیشت بزانی کە لە هەموو رۆژئاوا کوردەکان هەڵپەرکێی کوردیان وەک ئێلێمنتێکی سیاسی بە رۆژئاوایەکان ناساندووە و کەمتر فستیوال هەیە کە هەڵپەکێی کوردی وەک هونەرێکی سەربەخۆ یان تێکەڵ هونەرەکانی تر سەکۆکان نەرازێنێتەوە. هەڵپەرکێی کوردی چ وەک هونەرێکی ئایینی و چ وەک هونەرێکی میللی و چ وەک هونەرێکی فۆلکلۆری و چ وەک هونەرێکی بە زانستی کراو بەشدارە لە مەیدانەکانی هونەری و فستیوالەکانی سەما, شانۆ, سینەما و بەرنامەکانی فرە کولتوری. <u>دوژمنایەتی ئێوە لە گەڵ فەرهەنگ و هونەری کورد ئایا نیشانەیە بۆ ئاست و پلەی فەرهەنگی ئێوە، یان ئیسباتێکە بۆ دواکەتوویی و شوۆنیست بوونی ئێوە؟</u>. چ جیاوازێک لە نێوان جەنابت و رەزاشا و عەسکەرەکانی و پاسدارانی حزبی پان ئیرانیست دا هەیە کە کاربەدەستەکانیان لە

خویندنگاکانی کوردستان سەری ئەو کەسانەیان چوار قاش هەڵدەپاچی, تەنیا لە بەر ئەوە بە کوردی قسەیان کردبوو. ئەگەر خوێندکارێکی کورد لە خوێندنگە پانتۆلی کوردی لە بەر کردبا بە مقەست نێفەکی پاتۆڵیان دەردێنا. واوێدەچێ ئەم ئەرکە ئێستا کەوتبێتە سەر شانی جەنابت و ئاژانسە سیاسیەکەتان.
خوێندەواران و بەناو رۆشنبیرانی کورد لە ماوەی هەشتا ساڵی رابوردودا رێگەیان دا, دەیان خەتی سیاسی دژە کورد لە کوردستان ماڵ بۆ خۆیان پەیدا بکەن و لە ژێر رەنگی بێ رەنگی پێشکەوتنخوازیدا چەند بەرە ئینسانی کورد بە لارێدا بەرن. هیوادارم ئێوە ئاخرین لادەرانی سیاسی بن کە رێگاتان کەوتۆتە کوردستان. مرۆڤی کورد لەم سەدەیەدا دەبێ رێگای سیاسی و فەرهەنگی خۆی دور لە ئێوە بە هەموو تیرە سیاسیەکانتانەوە بگرێتە پێش. مێژووی کۆن و نوێی ئێوە و ئێمە نیشانی داوە کە سیاسەتی هاوبەش لە گەڵ ئێوە بێ سەرئەنجامە, جا چ رێز بۆ فەرهەنگ و هونەر و بوونمان دابێن چ داینەنین. مێژووی 2500ساڵەی ئێوە نیشانی داوە کە ئێوە تەنیا رێز بۆ ئەو کەسانە و دەوڵەتانە و ئایین و فەرهەنگانە دادەنێن کە بەسەرتاندا زاڵ بن. خۆ بە زل زانیتان ئیزنتان پێنادات کە لە رێگای مەدەنییەتەوە دان بە مافی غەیری خۆتاندا دابنێن. هەر بۆیە ئەدەبیاتەکەشتان پڕە لە بێ رێزی بە ئینسانی جگە لە خۆتان, بەڵام هەر ئەوانە کە بەسەرتاندا زاڵ بوون دەبنە ڕێرەوی سیاسەت و ئایین و ئیدئۆلۆژیتان. بۆ ئیسباتی ئەم بۆچوونە بروانە مێژووی پاش هاتنی ئەسکەندەر و هاتنی ئیسلام و عەرەب و هاتنی مەغول و تورک و لە سەد ساڵی رابوردوشدا, بڕوانە مێژووەکەتان لە گەڵ رۆژئاوا. هاتنی خۆمەینی وچەسپاندنی بیرو باوەڕی جەهل پەروەرانەشی نە بە پێی فەرهەنگ و باوەڕ و ئایینی کوردەکان بوو, بەڵکوو بە پێی فەرهەنگ و باوەر و ئایینی باوەڕمەندانی "فارس و رۆشنفکرانی ازمابهترانی تهرانی" بوو. جا ئێستا جەنابت چۆن لاوی کورد بە دواکەوتوو دادەنێ و لاوی تارانی بە پێشکەوتوو هەر خۆت دەبێ وڵامی بدەیەوە.
ئەم وتارە بەم نەقڵە کوردییە کۆتایی پێدەهێنم, تەفسیر و لێکدانەوەشی وەئەستۆی خۆتان. نووسەری ئەم دێڕانە تەنیا راوی ئەم نەقڵەیە و هیچی تر. شاید این هم حجتی باشد برای عقب افتادگی ما کردها تا نظر سرکار عالی چی باشد؟!

[لە کوردستانات هەر ئاغایەک بە شتێک ناوبانگی دەردەکرد یەک بە بەیت بێژ و قام بێژەکانی, ئەوی تر بە تاجی و ئەسپەکەی. لەم ناوەدا ئاغایەکی تازەپێگەیشتوو هەبوو کە بە هیچ ناوبانگی دەرنەکردبوو, ئەوەش کەمایەسیەکی گەورە بوو, ئەویش دەبوو لە ناو سەراندا سەرێک بێت. جەنابی ریش چرمگەکان و ماقوڵەکانی تایەفەی خۆی کۆکردەوە بۆ ئەوە ڕاوتەگبیریان لە گەڵدا بکا و چارەیەک بدۆزێتەوە. ئاکامی ئەم جوینە ئەوە بوو کە ئاغا لۆتی و ورچەوانێک لای خۆی رابگرێ و لە کاتی میوانی و سەردانی ئاغاوات و گەورە پیاواندا ئەویش خۆیەک هەڵکشێ و هونەری لۆتی و ورچە قوڵەکەی نیشان بدات. وای لێهات بەم نەزمە ئاغا ناوبانگی دەرکرد و بوو بە" ئاغاکەی کە ورچ و لۆتی" هەیە. بەڵام ئەم ناوبانگە بوو بە هۆی گاڵتەو گەپجاری خەڵک و زۆرتر مایەی سەرشۆڕی بوو هەتا سەربەرزکردنەوە. هەربۆیە دیسان مەجلیس بەستراو بڕیار درا ئاغا ئەمجارە کارێک بکات کە تا ئەو عەهد و زەمانە کەس نەی کردبێت. ئەوەش ئەمە بوو کە ئاغای عێل لە دانیشتن و میوانییەکاندا "تڕان" بدات. خوداوراستان دیسان ئاغا ناوبانگی دەرکرد و مەڵبەند و مەڵبەند ناوی دەرچوو, بەڵام لە شانس و ئیقباڵی بەد ئەمجارەش ئاغا دووچاری نەگبەتی هات و بوو بە مایەی گاڵتە و گەپجاری خەڵک و لەوەش خراپتر ئیتر خۆی بۆ رانەدەگیرا و هەوسار لە دەستی خۆشی دەرچووبوو. تەگبیر های تەگبیر چی بکەن؟ کوتیان تەنیا رێگا ئەوەیە دەهۆڵچییەک لە گەڵ ئاغا بکەوێت بۆ ئەوەی دەنگی نامەڕبوت بە گوێ بیسەران نەگات. خەڵگی "نازک بین"ئەم کەڕەتە بۆ ناساندنی ئاغا، دەیان گوت : ئەو ئاغایەی کە تڕان دەکەنێ و دەهۆڵی بۆ لێدەدەن.]

05/12/2004

1-ئەم فرمایشتانە لە ماڵپەڕی بروسکە رۆژی پێنج شەمە 2ی مانگی دسامبر2004 بڵاو کراوەتەوە
2- بۆ ئاگاداری زیاتر لە مەر ئەم بابەتە, نووسراوەیەکی ساڵی 1990ی خۆم بە ناوی **کۆنگرەی فردەوسی و نەتەوەکان** بڵاو دەکەمەوە, بۆ ئەوە بزانین ئێمە تەنیا لە گەڵ تاکە کەسێک و ڕەوتێکی سیاسی رووبەروو نین.



# کۆنگرەی فردەوسی و نەتەوەکان[1]

لە ڕۆژانی 24 و 25ی مانگی خەرمانان(15 و16ی سپتامبر) بە هیمەتی بونیادی فەرهەنگی مەحوی و هاوکاری هێندێک ناوەندی فەرهەنگی و هونەری ئێرانی لە شاری کۆڵنی ئاڵمان کۆنگرەی ڕێزگرتن لە شانامەی فیردەوسی لە هۆڵی زانستگای کۆڵن بەرپا کریا.
لەم کۆبوونەوەدا ئوستادانی زمان و ئەدەبیاتی فارسی و فارسی زوانان لە ئێران، پاکستان، چین، ئاڵمان و وڵاتانی ترەوە بەشداریان کردبوو کە لە ژێر سێبەری بارودۆخی زانستی خوراسان لە سەردەمی فیردوسی دا باسەکانیان گەڵاڵە کردبوو کە بریتی بوون لە: لێکدانەوەی ڕەسەن بوونی شێعرەکانی شاهنامە، شاهنامە لە چین، سەرچاوەی شاهنامە و حەماسەکانی میللی، چارەنووسی شاهنامە، لاسایی کردنەوە لە شاهنامە لە هیندوستان، پاڵەوان و پاڵەوانی لە شاهنامەدا، دەوری فیردەوسی لە پاراستنی ناسنامەی نەتەوەیی ئێرانییەکان، سەیرێکی سەر پێی بە سەر تەکنیکی چیرۆکی گێڕانەوەی فیردەوسی. ئەم باسانە لە لایەن ئوستادان" عبدالجواد فلاطوری, دکتر محمد دبیر سیاقی, دکتر محمد ترابی, دکتر ڕبیح الە صفا, آقای علی اکبر سعیدی سیرجانی, دکتر احمد تمیم داری, دکتر احسان یار شاطر, دکتر جلال متینی, دکتر جلال خالقی" پێشکەش کرا.
ڕێزگرتن لە شاعیران و ئەدیبان بە تایبەت لەم سەردەمەدا کە گەورە گەورەکانی زمان و ئەدەبیات وەک فیردەوسی و حافز و... دەکەونە بەر هێرشی دوژمنکارانی فەرهەنگ کارێکی گەلێک بە جێیە. هیچکات لە بیر ناکرێ کە چۆن لە یەکەمین کۆنگرەی شێعر و ئەدەبیاتی کۆماری ئیسلامی دا لە ساڵی 1360 لە تالاری ڕودەکی(کە پاشان ناوەکەی کرایە وەحدەت لە شەقامی حافز کە ناوی ئەویش گۆڕدرا) ئاغاگەل حەجازی، فەدایی و خامنەای(محەمەد) ئەندامانی کۆمسیۆنی ئێرشادی ئیسلامی و کەسانێک وەک عەلی موعەلیم و سروش و... هێرشیان بردە سەر فیردەوسی و ئەویان بە لایەنگری فوئۆدال و شا دایە قەڵەم و حافز و خەیامیان کردە بادەپەرەست. هەر ئەم ئاغاگەلە پەنجەیان بۆ شێعرەکانی نوسرەت ڕەحمانی بە بیانووی شێعری دور لە ئەخلاق ڕادەداشت و هەڵیانکوتایە سەر نیما و شێعری نوێی فارسی هەر هەموویان بێ نرخ کرد. لە جێگای ئەوانە دروشم وێژ و هەڵاسازکەری ورمیەیی و پەککەوتی شەڕ بە ناوی شاعیر و ئەدیبی موسڵمانی ئێرانی بە خەڵک قالب کرا.
هەروەها لە کات و ساتێکدا کە بە ڕەسمی و نارەسمی ئەدەبیات و هونەری نەتەوایەتی، نەتەوەکانی تر ژێرپێ دەخرێن وزمانی نووسەرانیان دەدوردرێن، بەستنی ئەم چەشنە کۆنگرانە پێویست و جێگای ڕێزە. بەڵام لەو کۆنگرەدا مانگەلێکی کۆنە ئەمجارە لە زمانی گەورەگەلی ئەدەبیاتی ئێرانەوە بیسترا کە جێگای باس و لێدوانە. ئەم لێداونانە دوبارەبوونەوەی هەموو ئەو گوتراوانە بوون کە بیر و هزر و سیاسەت و فەرهەنگ و هونەر و ئەدەبیاتی ئێرانی داگرتووە. وتەگەلێکی وەک"ئێرانی و ملیەتی ئێرانی" ،"زمانی میللی" لەم کۆنگرەیەدا دوپات کرایەوە بەو مەبەستەی کە ئێرانی هەر فارسەکانن کە بە Persa و پارس دەناسرێن و زمانی ئێرانیش یانی زمانی فارسی. وەک ئەوەی کورد، بەلوچ، ئازاری و...نەتەوە نیین و هیچ دەوریان لە مێژووی ئێراندا نەبووە و خاوەنی سیاسەت و ئەدەبیات و زمان و فەرهەنگ و هونەری خۆیان نەبوون و نیین و کورد و بەلوچ و ئازەری هەر فارسن. ئەوەش هەر ئەو بۆچوونەیە کە عەرەبەکان سەبارەت بە رازی و ئیبنی سینا و غەزالی و دینەوەری و ئامێدی و شارەزووری و ئیبنی خولکان و ئەبولفیدا و ئیبنوحاجیب و ئیبنوساڵح و ئیبنو ئەسیرە و کەسانی تر هەیانە. عەرەب پێیان وایە لە بەر ئەوەی ئەوانە لە ژێر دەستەڵاتی عەرەب و ئیسلامدا و پاشان بە زمانی عەرەبی بەرهەمیان نووسیوە، بە عەرەب ناوزەد دەکرێن، لە کاتێکدا کە ئەو کەسانە یان فارس بوون یان کورد بوون. ئەمە گفتی عەرەبەکانە کە دەڵێن:" هەر کەس بە زمانی عەرەبی بەرهەمێکی خوڵقاندبێ، عەرەبە" ئەوەش کە عبدالباسط عبدالصمدی قورعان بێژ و عباس محمود اعقاد دیاربکری نووسەری عەرەبی نووس، خۆیان بێژن کوردین تەوفیر ناکا و وتەی ئەوانە نرخی نییە و بە عەرەب دەناسرێن. شەڕی عەرەب و فارس لە مەڕ عەرەب و فارس بوونی سینا و رازی بەردەوامە.
مخابن لە ئێران بە زۆری چەک و سیاسەت و لە ڕێگای کتێبی مێژوویی پڕ لە درۆ و پروپاگەندە و لە ڕێگای بەکارهێنانی ئیمکاناتی حکومەتی، مووچەخۆرانی بە ناو ئەدیبی فارس و نەفارس ئەم مانایە بڵاوکرایەوە کە ئێران تەنیا لە یەک نەتەوە پێک دێ، کە ئەو میللەتەش میللەتی ئێرانە کە زمانی ڕەسمییەکەی فارسی و ئایینی ڕەسمییەکەی ئیسلامی شیعەی دوازدە ئیمایە. مەبەست لەو میللەتی ئێرانیش، فارسەکانی ئێستا و پارسەکانی کۆنە کە مەزهەبی شیعەشی لێ زیاد کراوە. هەرچەند ئازەریەکانیش لە ڕێگای مەزهەبەکەیانەوە کە شیعەیە، ئێرانی دەژمێردرێن بەڵام زمان و فەرهەنگ و ئەدەبیاتیان ڕەسمی ناژمێردرێ و ئەوانیش دەبێ خۆیان لە زمان و ئەدەبیات و فەرهەنگی فارسدا بدۆزنەوە.
کە وایە کورد و بەلوچ کە نە زمانیان فارسییە و نە مەزهەبیان شیعەیە، ناکەونە ناو دیاردەی ئێرانی و بە پێی قانونی بنەرەتی هەر دوو ڕژیمی شاهەنشاهی و ئیسلامی ئەوانە دەکەونە دەرەوەی ئەو تاریفەی کە ئەوانە لە میللەتی ئێرانی

[1]- ئەم نووسراوەیە بە زمانی فارسی لە هەفتەنامەی ئەکسەریت زمانحاڵی ڕێکخراوی فەدایی ئەکسەرت(تەشکیلاتی ئوروپا) لە ژماری 323ڕەزبەری ساڵی 1269 چاپ کراوە.

دەکەن. نەتەوەکانی نە فارس و نە شیعە بە پێی قانون تایفە و عەشیرە و قەوم و کەمایەتی مەزهەبی ناودێرکراون کە بە میللەت ناناسرێن. ئەوان وەک بەشێک لە نەتەوەی فارس دەژمێردرێن کە بە زاراوەگەلی ناوچەیی قسە دەکەن و عەشایری کورد و بەلوچ و لۆرن کە لەوانە کوردەکان بە "مەرزدارانی غەیور" ناودێرکراون کە ئیسلامیەکەی دەبێتە عەشایری کوردی موسەڵمان و "مەزرزدارانی کوردی موسەڵمان" لە بەرانبەر ئەوەدا کە کورد باسی مافی خۆی کردبێ بە"جیایی خواز" ناوزەد کراوە کە ئەوەش بە تاوان دەژمێردرێ، بۆشیان تەوفیر ناکا کە میللەتی کورد هەزاران ساڵە لە سەر خاکی خۆی دەژی.

مێژوونووسانی رژیمی شا بە مووچەی شاهانە مێژووی عەشایر و مێژووی کوردیان دەنووسی و دەیانویست بـیسەلمێنن کە کوردەکان لە تیرەی فارسەکانن و یەک رەگەزن و زمانی کوردی زاراوەیەکی زمانی فارسییە و کوردەکان یەکێک لە عەشیرەکانی سەر بە فارسن.(تورکەکانی لاو لە تورکیە کورد بە ترکی کێویی ناو دەبەن کە زمانی خۆیان لە بیرکردووە، عەرەب کورد بە عارەب لە قەڵەم دەدەن.

ئەم مێژووە هەڵبەستراوە و گەلێک فێڵ و تەڵەکەی دی تەنیا بۆ تووانەوەی کورد بەکار هاتووە. هەربۆیە زمان و ئەدەبیاتی نەتەوەکانی ژێرچەپۆکە قەدەغە دەکرێ. هەر ئەو کارەی کە عەرەب سەدان ساڵ بە سەر ئێرانییەکانیان لە وانە فارس و کوردیان هێنابوو، حکومەتەکانی فارس هەتا ئەمرۆ بە سەر نەتەوەکانی دیکەی سەرزەمینی ئێرانیان هێناوە و دەیهێنن.

بە داخەوە ئەم فکرە کۆنە لە کۆنگەری فیردەوسیش بە خەستی لە قسەو باسەکاندا خۆی دەنوواند، یەکێک لە وتاربێژان بە پاڵپشتی فیردەوسی و شاهنامە بە حماسەتەوە دەفەرمووێ:" ئێرانییەکان ئێرانی دەمێنەوە تەنانەت ئەگەر لە کوورەی مانگیش بن" بەرێزی باس لە ئەو"مەرزدارانە" دەکات کە بە ساڵان لە حاند یۆنانی، عوسمانی و رۆمی پارێزگاریان لە ئێران کردووە. ئەڵبەت مەبەستی وتاربێژ لە موسافیری ئێرانی کوورەی مانگ و مەرزداری ئێرانی هەر هەمان فارسەکان بوو. هەرچەند لە نێوان سنووری ئێران و عوسمانی و یۆنان و رۆم فارسێک نیشتەجێ نەبێ.

لە کۆنگرەی فیردەوسی لە شاری کۆڵن زۆر باسی"زمانی میللی"، "نیشتمان" و "ئێران" کرا، باس لە مەزنی و گەورەیی ئێران، زمان و فەرهەنگ و شێعر و ئەدەبیات کرا، باس لە کارتێکردنی شانامە لە چین، هیند، پاکستان، گورجستان و کوێ و کوێ کرا بەڵام باس لە شانامە لە ناو نەتەوەکانی ناو سەرزەمینی ئێران وەک کورد و بەلوچ و...نەکرا.

شانامە وەک سەرچاوەیەک سەدەکان یەکێک لەو کتێبانە بووە کە لە ناوەندەکانی زانستی و ئەدەبی کوردستان هەتا ئەم دوایانە کەڵکی لێورگیراوە. لە کۆنگرەی کوڵن لە شانامە بە زمانگەلی جیاواز باس کرا بەڵام هیچ باسێک لە شانامە بە زمانی کوردی و نەقاڵی کۆنی کوردستان نەهاتە گۆرێ. یەکێک لە وتاربێژان بۆ رەنگدانەوەی کارتێکردنی شانامە لە هیندوستان حەولی دەدا هیچ شتێک لە قەڵەم نەکەوێ ئەوی تر وردبینانە بە هەموو چین و ماچین دا دەگەرا بۆ ئەوە ئاماری رێک و درست لە بارەی نوسخەگەلی شانامە بداتە دەست،یەکی تریان پێرێستی باسەکان و ناوکانی شانامەی لە هەموو کتێبخانەکانی جیهان باس کرد، بەڵام هیچ کام لە بەشدارنی وتاربێژ باسێکیان لە ئێران و شانامە لە ئێران نەکرد.

زمان لە پاڵ فەرهەنگ و فۆلکلۆر و ئایین و سەرزەمین و ئابوریدا یەکێک لە گرینگترین نیشانەکانی بوونی یەک نەتەوەیە، بۆ بە حیساب نەهێنانی هەر نەتەوەیەک بەر لە هەر شت زمانی ئەو نەتەوەیە دەگرن، ئەو کارەی کە بە ساڵان عەرەب لە گەڵ زمانی فارسی کردیان و کارێکی دزێو کە بە ساڵان لە لایەن وڵاتانی ئێران و عێراق و ترکیا و سوریا دەرحەق بە زمانی کوردی کراوە، کە هەمووی ئەوانە لە لایەن حکوتگەلی سەرەرۆوە ئەنجام دراوە و نابێ هەمان کار لە لایەن کەسانی دێموکرات و راست وێژەوە رەچاو بکرێ.

لە ئەدیبان و زانایان و لێکۆلەر و بیرمەندانەوە کە بە شوێن پەیداکردنی راستیدا دەرۆن و سەرتاپای ژیانیان بەوە تێدەپەرینن کە شانامە بژار بکەن و لێکی بدەنەوە، ئەم چاوەروانییە هەیە کە راست وێژ بن و لە گەڵ خەڵکدا راستبێژانە قسە بکەن، راست ئەوەیە کە ئێران سەرزەمێنێکی فرە نەتەوەیە و ئەوەی ئەمرۆ بە ناوی ئەدەبیاتی مللی ناوی لێنراوە و فارسی دەژمێردرێ بەرهەمی فەن و هونەری هەموو نوتەوەکانی ئێرانە. ئەگەر بەرهەمی فکری، هونەری ئەدیبان و هونەرمەندانی نە فارس لە ئەدەبیات و هونەری فارس دەرهاوێژین، ئەگەر ناوچەکانی نە فارس لە ئێران جیابکەینەوە، ئەگەر ئابوری نەتەوەکانی نە فارس لە ئێران دابرین و ئەگەر هەر ئەمرۆ لە هەموو بوارەکان کە باسکران نە فارسەکان دەرباوێژین، ئایا ئەوەی کە دەمێنێتەوە کەمایەتییەکی فارس نییە؟ بێ گومان خەیاڵێ ئێرانێکی ئاوا بۆ هاووڵاتیانی فارس دڵخۆشکەر نییە.

کە وایە دروست ئەوەیە دان بەو هاوبەشیە مێژووییەی، سەرزەمین، فەرهەنگ، زمانی نەتەوەکان ئەو جۆرەی کە هەبووە و هەیە دور لە مەسڵەحەتی سیاسی ئەم حکومەت و ئەو حکومەت ئەم رێکخراو و ئەو هێلی فکری و سیاسی دابندرێ. ئەو باسەی کە لە خوارەوەش دێت یەکێک لەو راستیانەیە.

زمانی کوردی یەکێک لە زمانەکانی هیندو ئوروپییە و لە گەڵ زمانی فارسی خزمایەتیان هەیە کە هەرکام بەیس و بنەوان و مێژووی سەربەخۆ و ئەدەبیات و هونەری تایبەت بە خۆیان هەیە. لە سەردەمی ماد و پارسەوە ئەو دو زمانە لە پاڵ یەکدا ژیاون و دوو لایەنە کاریان لە سەر یەکتر کردوە، بەڵام هەرکام رێگای سەربەخۆی بریوە. زمانی کوردی بە هۆی جۆغرافیای وڵاتی کوردستان و بەرگری لە خۆی خەڵکەکەی لە حاند بێگانەکان بە پێچەوانەی زمانی فارسی کەمتر کەوتۆتە ژێر کارتێکردنی زمان گەلی عارەبی، ترکی، مەغولی و...! زمانی کوردی پێوەندی لە گەڵ زمانی

کۆنی خۆی نەپچراندووە بە تایبەت لە ناوچەی هەورامان. زمانی کوردی دەوڵەمەندی و بەرینی و قوڵی خۆی هەیە و لە دەورەگەل جیاوازدا پاڵپشتی زمانی فارسی بووە.
شانامەش سەرڕای ئەوەی شاکارێکی ئەدەبیاتی فارسییە، خەزێنەیکە لە وشە و زاراوە و ناو و چیرۆکی کوردی. ئەم تایبەتمەندیە شانامە دەکاتە بەرهەمێکی هونەری هاوبەش نێوان کورد و فارس. حەماسە و پاڵەوانانی ناو شانامە حەماسە و پاڵەوانەکانی کوردەکانیشن. کاوە قارەمانی نەتەوەیی و ئەفسانەیی کوردە و نەورۆز جێژنی نەتەوایەتی کوردەکانە. حەکایەتەکانی شانامە حەکایەتی خەڵکانی ئێمەشن هەر بۆیە شانامە لە ناو کوردەکاندا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەراست پلەو پایەی خۆی هەیە، بە وتەی یەکێک[2] لە بەشدارانی کۆنگرە لە دەرەوەی کۆنگرە" شانامە زۆر بە قوڵی لە ناو کوردەکاندا جێگای خۆی کردۆتەوە" بەڵام لەم کۆنگرە و کۆنگرەگەلی هاوتادا لێکۆڵینەوە و لێدوان تەنیا پێوەندی بە یەک زمان و یەک نەتەوەوە هەیە، ئەویش نەتەوەی فارسە و بەس!
دەبێ دانی پێدابنرێ کە لە ئێراندا نەتەوەی تر هەن کە فارس نین و مێژوو و زمان و فەرهەنگ و داب ونەریتیان هی خۆیانە و بە هەزاران ساڵە لە سەر خاکی باوباپیرانی خۆیان دەژین، کە بە ئێرانی ناودێر کراون و فارس نین، هەر ئەو بە ناو ئێرانی کراوانە یەکەمین کۆمەڵە خەڵکێکن کە هەزاران ساڵ بەر لە ئێستا لەو شوێنە نیشتەجێ بوون و زمان و فەرهەنگ و ئەدەبیات و داب و نەریتیان فارسی نییە و خۆشیان فارس نین.
دووری و تێنەگەیشتنی هێندێک لە فارسەکان لە نەتەوەکانی تری ئێران و زمان و فەرهەنگ و ئەدەبیات و مێژوویان جێگای سەرسووڕمانە. بە دەگمەن نووسەر، شاعیر و ئەدیبی فارس زمان پەیدا دەبێ کە ئاگاداری مێژوو و فەرهەنگ و زمان و ئەدەبیاتی نەتەوەکانی تر بن، رەنگە ئاگاداری ئەوان لە مێژوو و ئەدەبیات و فەرهەنگی وڵاتانی تری جیهان زۆر لە سەرەوە بێ، بەڵام بە راشکاوییەوە دەکرێ بوترێ کە نووسەران و هونەرمەندانی فارس زەحمەتە ناوی چەند نووسەری کورد و ئازەری و بەلوچ بزانن. ڕۆژێک لە زانستگای ئەسفەهان لە ریزی ساڵۆنی نان خواردن دوو کورد بە کوردی قسە دەکەن، خوێندکارێکی فارس کە گوێ لە قسەی ئەم دووانە دەبێ دەپرسێ ئەوە بە چ زمانێک قسە دەکەن؟ یەک لە کچە کوردەکان دەڵێ بە زمانی ئاڵمانی قسە دەکەین. خوێندکاری فارس دەڵێ:" دەڵێم زۆر لە ئینگلیسیەوە نزیکە! بێگانی بوون لە گەل سەرزەمینی ئێران و نەتەوەکانی تا ئەو جێگایە دەروا کە ئوستادانی ئەدەبیات و فەرهەنگی فارسیش دەگرێتەوە. یەکێک لە ئوستادان لە دەرەوەی کۆنگرە لە وڵامی ئەم پرسیارەدا کە شانامە چ دەورێکی لە زمان و ئەدەبیاتی نەتەوەکانی تردا هەیە دەفەرمێ:"مەبەست ئەقوامی بچوک بە لەهجەگەل محەلیس؟" جێی خۆیەتی کە مەزنەکانی فەرهەنگ و ئەدەبیات و هونەر بۆ ئاگابوون لە خەزێنەی فەرهەنگ و هونەری سەرزەمینی ئێران سەرێک لە فەرهەنگ و ئەدەبیات و هونەری نەفارسی ئێرانی هەڵهێنەوە و بەرهەمەکانی کۆن و نوێی شاعیران و نووسرانی نە فارس هەڵدەنەوە کە بێ گومان دەتوانێ ببێتە هۆی دەوڵەمەند بوونی خۆیان و هونەر و ئەدەبیاتی نەتەوەکەیان.
ئەحمەد شاملو کە ئەم رۆژانە بە هۆی لایەنگری لە زووحاک کەوتۆتە ژێر هێرش و لە ماوەی شەو ڕۆژێکدا لە بەر چاوی ئەو جەماعەتە کەوتووە، لەو کەسانەیە کە راستییەکی باس کردووە ئەویش ئەوەیە" فەرهەنگ و ئەدەبیاتی ئێران بەرهەمی هاوبەشی هەموو نەتەوەکانی ئێرانە"، هەرچەند شاملو خۆشی تا ئێستا هەنگاوێکی بۆ ئاشنابوون لە گەڵ نەتەوەکانی تر هەڵنەهێناوەتەوە.
ئەگەر نووسەران و هونەرمەندان بیانەوێ دوور لە شۆڤێنیسمی پیری فارس، هونەر و مێژوو و ئەدەبیاتی ئێران باشتر بناسن دەبێ سەرنج بدەنە سەرجەم نەتەوەکانی ئێران و راستی ژیان لە بەرچاو بگرن، ئێران بێ مێژوو، فیداکاری، ئابوری، فەرهەنگ و ئەدەبیات و جوغرافیای نەتەوەکانی سەرزمینی ئێران بەدوور لە مافی بەرابەر و بەشداری لە هەموو بوارەکان لەوانە حکومەت، ئێرانێکی نادموکراتیک و دوور لە ئازای دەمێنێتەوە کە ئەوە ئەدەبیات و هونەریش دەگرێتەوە.

19 سپتامبر 1990 ئاڵمانی فدرال

[2]- سەعیدی سیرجانی

# زمانی کوردی، کۆماری ئیسلامی و لەنتەربەدەستانی کورد

ئەمڕۆ 22,8,1381 لە دانشگای مللی پێشوو, «بەهەشتی» کەلاسی فێربوونی زمانی کوردی بە شێوەیکی نارەسمی بەهیمەتی کەسانی دڵسۆز کرایەوە. ئەوکەسانەی لەماوەی چەندساڵی رابوردودا لە شارەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان و لە دانشگاکانی ئێران حەول دەدەن بۆفیرکردنی زمانی کوردی, کەسانێکن کە نەتەنیا کارەکەیان رەسمی نییە بەلکو هیچ مووچەو بەراتێکیش وەرناگرن, بە پێچەوانە تووشی چەرمەسەریش دێن!
کۆماری ئیسلامی ئێران لە قانوونی بنەرەتی خۆیدا دانی کروزاوی خۆی بەوە دانەوە کە زمانەکانی جگە لە فارسی وەك دەرس بکوترێنەوە. ئەوە 23ساڵ لە دەستەڵاتی قانوونی کۆماری ئیسلامی ئێران دەگوزرێ کە قانوونەکەی بە پێ فەرموودەکانی قورئان واتە فەرمایشتەکانی خودا نووسراوە. بۆهەر کەسێك ئەم پرسیارە دێتە پێش« ئەگەر قانوونی کۆماری ئیسلامی وتە و فەرمایشتەکانی خوداوەندە، بۆ لە لایەن فەرمانبەرانی خودا و رەسوڵی خوداوە جێ بەجێ ناکرێ؟!» وە ئەگەر ئەم مادەیە دژایەتی لە گەڵ قانوونی ئیسلام و دەستورەکانی خوداوەند هەیە بۆ لە ناوقانوونەکە دەری ناهاوێژن!؟ ئەلبەت ئەمە تەنیا مادەی پەسەندکراوی مەلاکانی خوبرە نییە کە جێ بەجێ نەکراوە, بەڵکو بەشی زۆری قسەپەسەندکراوەکانی ئەیەتوڵاکان لە ماوەی دەستەڵاتداریاندا هەروەک بلقی سەرئاو بووە و ئەوەی کردوویان لەگەڵ ئەوەی دیڵێن و دەینووسن وپەسەندی دەکەن یەکتر ناخوێنێتەوە, ئەمەش تەنیا ماوەی 23ساڵ نییە و بەڵکو مێژوویکی کۆنە بە درێژایی مێژووی ئایینەکەیان و ئاکارەکانیان. کەڵك وەرگرتن لە ئایین, ئیدئۆلۆژی, فەلسەفە, نیژاد و شتی لەم چەشنە بۆ مەبەستی نائینسانی و بۆ خاپاندنی ئینسان شتێکی تازە نییە وبە میرات گەیشتووتە دەستەڵاتدارانی ئەمڕۆی ئێران!!
کۆماری ئیسلامی ئێران یەکێك لەو حکومەتانەیە کە هەم لە دوواکەوتوترین شێوە و کەرەسە و هەم لە نوێترین شێوە و کەرسە بۆ خاپاندن و سەرچەورکردنی خەڵك کەڵك وەردەگرێ, نە تەنیا سەری خەڵك چەور دەکات بەڵکو توانیویەتی زۆر نووسەر و هونەرمەند و دوکتور وموهەندیس و ماموستای دانشگا, وا رابێنێ کەئەوانیش سەرتاش و سەرچەورکەربن و لە ئاکامدا خەڵك بخاپێنن و دەستەڵاتیان درێژترو چارەرەشی خەڵك پتروپتربکەن! لەم ناوەدا بە هەموو جورێك کڵاو دەنێنە سەری خەڵکی کورد! بۆ ئەوەش نە تەنیا لە هەموو تاقیکردنەوەکانی 2500ساڵەی شاهەنشاهی و 1424ساڵ ئیسلام و 2000ساڵ مەسیحیەت کەڵك وەردەگرن، بەڵکو لە هەموو داهاتەکانی زانستی و فکری و تەکنیکی شەرق و غەرب کەڵك وەردەگرن. بو پێشبردنی مەبەستەکانیان تەنیا مزگەوت و کلیسا وکەنیسە بەکارناهێنن بەڵکو رادیو,تەلەوزیون,گۆوار و رۆژنامە و دەیان شتی تر دەگرنە خزمەت! زمانی نووسین و خوێندنی کوردی لە مەدرەسەکان یاساغە بەڵام هەمان زمان بۆ خاپاندنی خەڵك لە رێگای مێدیاکانەوە بە تایبەت رادیۆ و تەلەوزیونی دەوڵەتی ئازادی ئازادە!
کوردی سونی مەزهەب لە 23ساڵی رابوردودا ئەوەندەی باسی شیعە وئیمام وسەرجەم ئایەتولاکان بە زمانی کوردی بیستووە کە زمانەکەش چرچ و لۆچ وخواروخێچ بووە! کتێبەکانی مەدرەسە هێندەی لەم باسانە تێدایە و هێندە مەلای عەجەم وکورد و خاهەری زێنەب و خاهەرانی کوردی زێنەب مەسەلەك، ئەم شتانەیانە چەپاندۆتە ناومێشکی منداڵانی کوردەوە, چاوەڕوانی ئەمە ناکرێ ئەم منداڵانە بە هاسانی لە گەڵ کەسایەتی راستەقینەی خۆیان ئاشنا بن.
لێرەوە دەتوانین ئەم راستێە ببینین کە هەموو نووسەران و رۆشنبیران و بەرهەم هێنەرانی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان هەم کاریان گرینگە وهەم چەتوون و گران، لە بەر ئەوەی نە ئازادیان هەیە و نەکەرەسەی پێویستیان لە بەر دەست دایە بۆ بەربەرەکانی کردن لە گەڵ دەزگای گەورەی راگەیاندن و پروپاگەندەی کۆماری ئیسلامی! لەوانەش بەدەر هێشتا کەسایەتی رۆشنبیری رۆژهەڵاتی کوردستان، خاوەنی قسەی خۆی نییە!
جێگای رۆشنبیرانی کورد بە کەسانێك لە بازنەی خودی کۆماری ئیسلامی پڕ دەکرێتەوە کە مامە عەزۆ وتەنی,,لەنتەرێکی کەم شۆقیان,, بەدەستەوە گرتووە و بوونەتە چاوساغی خەڵك و رۆشنبیران! رۆژێك هەڵاساز دەکەن بۆ دوو واحدی زمانی کوردی ئیختیاری لە زانستگای کوردستان, پاشان دەزگاکانی راگەیاندن لە ئێران و باشوری کوردستان و بروکسل و واشنگتون و پراگ دەکەونە بڵاوکردنەوەی هەواڵ و وتووێژ و لەنتەر بەدەستان بۆ وتووێژ وەبەر ناکەون, لەم رێگایەوە مێدیای جیهانیش بە پارە و بێ پارە ئەم قەوانە لێدەدانەوە! کورد کوتەنی نە پێچراوە ونەدوراوە شەقەی دێ! هێشتا ئەم دوو واحدە دەرسیە دەستی پێنەکردووە هەواڵی ئەنستیتۆ دەنگ دەداتەوە و برلێنیەکان لەم گۆوەندەدا سەرچۆپی دەگرن!
لەنتەر بەدەستانی کورد لە گەڵ خاوەن کورسیەکان هێشتا نەیانتوانیوە دەتمەن لە کۆماری ئیسلامی وەرگرن بۆ ئەوە گەچی پێ بکڕن و لە گوندێکی کوردستان دەرسی کوردی لە پای تەختە رەشەکە بۆ مناڵانی کوردی پێ بنووسن، بەڵام دەتوانن بە ملیون پارە بۆ تەبلیغاتی کۆماری ئیسلامی خەرج بکەن، ئەوەیە پێناسەی سەربازانی کوردی ئیمامی زەمان.
گۆوارو بڵاوکراوەکانی کوردی کە بە دەستی کورد خۆی، دامەزراون پوڵ و پارەی چاپیان نییە, هونەرمەندانی رەسەن لە هەزار لاوە گرفتاری ژیانی نالەبار و پڕمەترسین, نووسەران راخەری ژێریان بۆ چاپی کتێب دەفرۆشن! ماموستاکانی رەسەن بێ پارە دەرسی کوردی دەڵێنەوە, لاوانی دابڕاو لە سیستمی حاکم لە زیندان دەخرێن و پەتیان لە مل دەکرێ وبە جەرەسەقیل هەڵیان دەواسن. لەنتەربەدەستەکانیش هەموو ئاواتەکانی نەتەوەی کورد کە دەیان سەری سەربەرزی وەك قازیەکان وسمکۆو قاسملوی لە پایدا کێشراونەتە پای سێدارە, دادەبەزینە خوارێ و دەیکەنە فیدای داوای رۆژانەیانە و تێدەکۆشن هەموو هێزی فکری کورد بکەنە پاژگەڵی ئەم یان ئەو دەستەڵاتداری ناو حکومەت! زمانی کوردیش بۆتە پارچەی سووری گاکوژەکانی ئیسپانیایی کە بە دەست گاکوژەکانی کوردی بازنەی دەستەڵاتداران لە ئێران رادەوەشێندرێ.

# کوشتنی کەرامەتی کورد لە جەندەکی ئیسلامیدا

ئەگەر لە کوردستانەوە کاسێتێکی ویدیۆتان بە دەست بگات و پاش تەماشاکردنی بێز لە خۆتان بکەنەوە, دەکەونە چ حاڵ و رۆژێکەوە؟ ئەگەر لە رێگای تەلەفونەوە ببیستن کە فلانە کچ و کوڕی نزیک و ناسیاوتان کەرامەتی لێ ئەستاندراوەتەوە و بە زاری دەستکردی ئیسلامی ئێرانی و ئەفغانی تاسێندراوە چی دەڵێن؟ ئەگەر بۆتان بگێڕنەوە فلانە موهەندیس و دوکتوری هاوکلاسیتان کە دۆنێ جیفرکی سیاسی و لافی کوردایەتی لێدەدا و ئێستا بۆتە مرۆڤێکی دزێو و بەساتی شەوانەی لە پاڵ تریاک و هەموو چەشنە خواردنەوەیەکی مەستی هێنەردا بەرپایە و کاری خراپ کردنی لاوانە, چ وشەگەلێک لە سەر زمانتان دەسووڕێ؟

ئەو فیلمەی کە دیاری وڵات بوو کۆمەڵێک لاوی نێوان 20 هەتا 25 ساڵ نیشان دەدات, کە لە گێژاوی مەستیدا لە ژوورێکی پڕ لە چەرەدوکەڵدا خۆیان بە گۆرانی و موسیقا و لەش بادانەوە خەریک کردووە. موسیقا لەم کۆڕەدا موسیقا نییە, بەڵکو نەشئە هێنەر و موخەدرە و نیشاندەری کەسایەتی موسیقای وڵاتەکەمان نییە. لەم کۆڕەدا هەڵپەرکێ سەما و هونەر نییە, لێرە لەشی ئینسان لە بێ فۆرمیدا گەمەی پێدەکرێ. لەم کۆڕەدا جگەرکێشان بۆ خەم رەواندن و خوردبوونەوەی ئەو نووسەر و هونەرمەندانە نییە, کە پێیان وایە ئەو دوکەڵە خوڵقێنەری هونەر و  بیر وهزری قوڵە. خواردنەوەی پیاڵەکانی ودکاش بۆ گەرم داهێنانی لەش لە سەرمای سیبری و کوردستاندا نییە و بۆ سەر مێزی باوی میوانی و رستۆرانەکانیش نییە. هەمووی ئەوانە لە ماڵەکانی ئێمەدا بۆ ڕزاندنی لەش و رۆح و مایەی ئینسانی و فکری مرۆڤی جەوان بەکار دێن.

ئەم فیلمە لە ماڵێکی ئاسایی لە شارێکی رۆژهەڵاتی کوردستان هەڵگیراوەتەوە. بەشدارانی ئەم کۆڕەش ئەو کەسانەن کە بەشی زۆریان زانستگاکانی ئێرانیان تەواو کردوە و کەسانێک لەوانەش پاشگەڵی هونەرمەند بە ناوەکانیانەوە نووساوە.

سالی 1354 لە ئاماری سالانەی ئێراندا هاتووە کە لە پارێزگای کوردستان واتە سنە 7 کەس ئالودە بە مادەی موخەدر بووە, هەر ئەو ئامارە بۆ شارە کوردنشینەکانی ئازەربایجانی رۆژئاوا سێ کەسە. ژمارەی هەموو مەیخانەکانی ئەم دوو پارێزگایە ناگاتە 12, لە هەر دوو پارێزگاکە تەنیا یەک شوێن بۆ لەش فرۆشی ژنان هەیە, رێژەی ئەو کەسانە کە تووشی نەخۆشی سفلیس بوون ناگاتە 5 کەس. بەراوردکردنی ئاماری سالی 1354 لە گەڵ 1383 ی ئەم دوو پارێزگایە جێگای سەرسووڕمانە. بە پێی وتەی شارەزایان لە هەر 5 لاوی کورد لە شارەکان سێ کەسیان گیرۆدەی تریاکن. تەنیا لە شاری سنە 150 کەس نەخۆشی ئەیدزی هەیە. رێژەی بنەماڵە لە بەر یەک بڵاوبووەکان نادیارە, رێژەی سەکتە کردن لە ناو دایک وباوکان لە پێوەندی لە گەڵ چارەڕەشی منداڵەکانیاندا بەرەو زۆربوون دەچێ.

کۆماری ئیسلامی ئێران بە پشتیوانی دەزگاکان و دەست و پێوەندەکانی کورد, لە کوردستان مەیخانەکانی بردۆتە ناو ماڵەکانەوە, لەش فرۆشی کە بە پێی داب و نەریت لە ناو کورددا دزێو بووە, خزێندراوەتە ناو بنەماڵەکانەوە, تریاک کێشان چۆتە سەر کەوڵی نان خواردن. کۆمەڵگای کوردستان وەها لە بەریەک رووەوە کە بە دەگمەن چارەی ئەم نەخۆشیانە دەکرێ. لە کوردستان خوێندنگاو زانستگاکان بە دەگمەن جێگای فێربوونی زانست و فەرهەنگی کۆمەڵایەتی و پەروەردەن. گەلێک لە دایک و باوکەکانی وڵات دردۆنگن لە وەی منداڵەکانیان بنێرن بۆ ئەم شوێنانە. بە پێی ئەو هەواڵ و بەڵگەنامانەی کە دەگەنێ, رۆژهەڵاتی کوردستان بەرەو تراژێدییەکی نەتەوەیی دەڕوا. سەرجەم بنەماڵەکان, حزبەکان و خێڵی فەرهەنگ سازان و پسپۆڕان لە حاند ئەم کارەساتەدا بێ دەستەڵات دەنوێنن. بێ دەنگی و خۆ گێل کردن و بە کەم زانینی رووداوەکانی رۆژانەی کوردستان دەتوانێ نەتەوەکەمان بەرەو هەڵدێر بەریت.

پاییزی 2704

# لەخودا و پێغەمبەر و دەوڵەت دەترسم!

شەوی سێ شەممە 10.12.2002 لە نێوان سەعات 19.45 هەتا 20.30 تەلەوزیونی مەدیا فیلمێکی دۆکۆمنتاری نیشان دا کە جگە لە کارێکی هونەری, کارێکی ژورنالیستی ژیرانە بوو, لە حەینی کات، داستانێکی خەمباری ژیانی مرۆڤی کوردی لە رۆژهەڵاتی کوردستان دەگێڕاوە. وێنەکانی ئەو فیلمە وەبیرهێنەری فیلمەکەی سینەماگەری کورد بەهمەن قوبادی" دەمێك بۆ مەستی ئەسپەکان" و هەروەها " ڕەمە" و "رێگای" ناوداری کورد یەلماز گونێ بوو.
هەر سێ فیلم رەنج وئازاری کورد, دەستەو یەخەبوونیان لە گەڵ سروشت و دەزگاکانی دەستەڵات بە زمانی جیا جیا دەگێرنەوە! هەرچەند ئەم سێ فلیمە لە سێ کات وزەماندا و لە سێ بەشی کوردستان هەڵگیروانەتەوە, هەر سێکیان چارەنووسێك دەردەخەن کە یەك چارەنووسە!
قاچاخچیانی فیلمی شەوی سێ شەممە ئاکتوری سینەما نەبوون, ئاکتوری ژیان بوون، کە پەیداکردنی نان ئەوانی گەیندبووە سەر شاخەکان, هەتا لە گەڵ سروشتێکی تەڕوتووش تێکەون! حەیوانی دەستبەسەر وئینسانی دەستبەسەر لە یەك چارەنووسدا هاوبەشن! مان ونەمان! یەسترو ئەسپ بۆ باس کردن لە چارەنووسی خۆیان زمانیان ناگەڕێ بەڵام خاوەنەکانیان دەڵێن:
" بێکاری, بێ زەمینی و بوونی ژن و منداڵ و بنەماڵە و پەیداکردنی نان, ئەوانی کێشاوەتە ئەم کێوە سارد وپربەفرانە!" ئەوەش تەنیا چارەنووسی کوردەکەیە وعەجەم نانی لە شاخی نەکەوتوە!
کاروانەکە لاوانی کەم تەمەن و مرۆڤی بە ساڵاچوی خاوەن نەوەشی گرتۆتە خۆی و نیشانەی چارەنووسی وەک یەکی نەسلەکانی کوردی دەوەرەکەن. قاچاخچیەکان دەڵێن هەمووشت قاچاخ دەکەین، لە ودکاوە هەتا جگەرەو شتومەکی تر! لەو رێگایەدا ئەگەر سەرما نەیان کوژێ, مینی ئیسلامی و هێزی نیزامی حکومەتی ئیسلامی دەیان کوژێ, کوژراوەکانیش لە سەر ئەوشاخە بەرزانە گۆرستانی خۆیان هەیە! قاچاخچیەکان گۆرانی دەڵێن, هەڵدەپەرن و بە سەر وڵاتەکەیاندا هەڵدەڵێن! ئەگەر قاچاخچیەکانی سینەمای جیهانی مرۆڤی دزێو و ناتەرزن, قاچاخچیەکانی کورد مرۆڤی بێ ئازارن و نیشانەێکن لە وڵاتێکی داگیرکراو, وێنەێکی تەواوی سیاسەتی گەندەڵ و سیاسەتمەداری گەندەڵن. گەندەڵی سیاستەمەداران ودەستەڵات دارانی ئێران کە لە سنووری ئەخلاق ئینسانی تێپەریوە لە قسەکانی ئەم قاچاخچیەدا دەردەکەوێ کە لە وڵامی ئەو پرسیارەدا کە لە چی دەترسی دەڵێ:
"لە خودا وپیغەمبەر و دەوڵەت دەترسم!!؟؟"

10.12.2002

# زڕە "رۆشنبیران"ی کورد و پەرەپێدانی گەندەڵی!

کۆمەڵگای هونەری و رۆشنبیری دایم مرۆڤی بیرگەندەڵ وئاکار دزێوەی بە خۆیەوە دیوە. کەم نەبوون ئەو کەسانە کە بە ناوی فەرهەنگ و هونەر بێ فەرهەنگی و بێ هونەریان جاڕ داوە و ژیانیان پڕ بووە لە پیسی و چەپەڵی. کەم نەبوون ئەو پێنووس بە دەستانەی کە دژی مرۆڤایەتی و دژی بەرژەوەندییەکانی ئینسان کاغەزیان رەش کردۆتەوە. کەم نەبوون ئەو زڕە مێژوونووسانەی راستی مێژوویان بەرئاوەژو نووسیوە.
نەتەوەی کورد لە بواری فەرهەنگ و زانست و بیرو هونەردا لە لایەک مرۆڤی پایە بڵیندی بە خۆیەوە دیتوە و لە لایەکی ترەوە گەلێک مرۆڤی دزێوی لە ناوخۆیدا ڕێگا داوە. مێژووی تەرسەمان بەشێکی بە دەستی تەرسەنووسانی خۆمان دارێژراوە. فەرهەنگی لە بەر یەک ترازاو و پڕ لە چەوتی و ناحەزیمان لە لایەن بەشێک لە خۆمانەوە شێوێندراوە. زمانی رۆژانەمان جیا لە دوژمنایەتی نەیارانمان، بەشێکی لە لایەن زمان لارەکانی خۆمانەوە خواروخێچ کراوە. هونەری کۆن ونوێمان جیا لە دەلاڵانی هونەری بێگانە وخۆیی بە دەستی کۆلکەهونەرمەندانی خۆمانەوە لە گرێژنە دەرچووە. هەمووی ئەوانە بۆتە هۆی ئەوە لە هیچکام لەم بوارانەدا پێناسەی روونمان نەبێ.
لە بەرە بەیانی هەزارەی سێهەمدا, لە دنیای پڕ لە پێوەندییەکانی ماهوارەیی و ئینترنێتی و لە ژێر سێبەری گلوبالیسمدا بە ناوی هونەر, بە ناوی فەرهەنگ بە ناوی رۆشنبیری, بە ناوی شۆرشی فکری, بەناوی فەلسەفە, بە ناوی ئایین, بە ناوی دەیان رەنگی تیئۆری و بە ناوی مودێرنیسم، پیسی و چەپەڵی و بێ هۆویەتی و گەندەڵی پەرە پێدەدرێ.
فڵان ئاغا بەناوی زانست و بیری زانستی و فەلسەفە, هەم گێژاوی فکری بۆ خۆی ساز دەکات و هەم زانست دەکاتە گۆپاڵ بۆ دەربڕینی بیری بێ سەروبەرەی بۆقژگرتووی کۆنی ئوروپی. ئەو بیرەی کە خەڵکی ئوروپا خۆشیان ئاوڕی لێ نادەنەوە، بەڵام ئەم تاقمە کردویانەتە خوراکی فکری رۆژانەی خۆیان دەرخواردی خەڵکی دەدەن.
ئەو رەوتە سیاسی و کۆمەڵایەتی و فکرییانەی کە لە رۆژئاوا بە بن بەست گەیشتوون و بە موزەخانەکان ئەسپاردراون، لە کوردستان بازار گەرمی بۆ دەکرێ و هەر وەک کالاکانی تری رۆژانە کە "کاتیان بە سەرچووە" بە کالای نابی ئوروپی دەفرۆشرێن. دەیان کەس بە ناوی نووسەر وبیرمەند و دوکتور و پرۆفیسۆر و رۆمان نووس وشێعربێژ و هونەرمەند و سیاسەتمەدار و چاوەدێری سیاسی وەک قارچک سەریان دەرهێناوە و بە چوار رۆژ لە رێگای مێدیای نارەسنی کوردەوە بە سەر خەڵک وکۆمەڵگاکەدا داسەپێندرێن، بۆ ئەوە لە رێگای بیری گەندەڵی نامرۆڤانەیانەوە مێشکی مرۆڤی کوردی پێ بشۆنەوە. دەبیستین فڵان شاعیر کە تا ئێستا چەند کتێبە شیعری بۆ خۆشەویستی نیشتمان و هونەر و فەرهەنگ بڵاو کردۆتەوە لە گەڵ هاوپیاڵەکانی هونەرمەند و رۆشنبیری خۆی، گەیشتوونەتە ئەو ئاستە کە پیلان دابرێژن بۆ لەداو خستنی کچان. بۆ ئەوەی فلان کچ بکێشنە فلان جووجەخانە, فلان ئیدارە, فلان ماڵ و فلان شیرکەت هەتا لە ژێر ناوی پێشکەوتن و ئازادی عێشق دا، لە گەڵی تێکەڵ بن و پاشان بە ئەمانی کۆماری ئیسلامی وێڵی کەن و یان رەوانەی شارەکانی تری کوردستان و ئێرانی بکەن بۆ ئەوەی دوکتور هاودەستەکانیان بە پارە پەردەی دڕاویان پینەکاتەو. ئەم تاقمە کە ئەمرۆ لە رۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران ژمارەیان لە زیادبووندایە لە هەموو شارەکانی کوردستان لە ژێر ناوی هونەر و فەرهەنگ و پیشەی جیاوازدا هاودەستی جنایەتکارانی کۆماری ئیسلامی دەکەن کە زیاتر لە 25 ساڵە بە هەموو شێوەیەک بۆ بڵاوکردنەوەی گەندەڵی و پیسی وچەپەڵی و بۆ بە لاڕێدا بردنی کچان و کوڕانی کورد تێدەکۆشێ.
دۆنێ پاسدار و خواهر زێنب بە ناوی ئیسلام خەریکی بە لارێدا بردنی لاوانی وڵاتەکەمان بوون, ئەمرۆ بە ناو نووسەر و هونەرمەند وشاعیر و ئاغای ئوستاد و دوکتور وپرۆفیسۆری خۆمان لە ژێر ناو وپۆزی مودێڕنیسمدا هەمان کار دەکەن.
فلانە کەس بەوە رازی نابێ کە فلانە کچی خستۆتە داوەوە, لەوەش زیاتر لە گەڵ خۆی هەڵی دەگرێ و بە بیانووی سیاسی و رۆشنبیری و هونەری بۆ باشوری کوردستانی دەبا بۆ ئەوە لە ژێر بەرەڵایی باشوردا، ئازادی هەموو کارێکی هەبێ. گەندەڵی تەنیا لە بازنەی ئەم کەسانەدا نەماوەتەوە بەڵکو تەشەنەی کردۆتە ناو بنەماڵەکانەوە. زۆر لەو کەسانەی کە لە رۆژئاواوە گەڕاونەتەوە کوردستان باس لە زڕە شۆڕشگێرانی دۆنێ دەکەن کە ئەمرۆ هەژدیهای حەوت سەریان لێ دەرهاتووە و لە هەموو شت بۆ گەندەڵی و عەیش و نۆش کەڵک وەردەگرن. لە گەڵ هەر بنەماڵەیەکدا قسە دەکەی هاوار و ناڵەیەتی, زۆر لە بنەماڵەکان بەرگەی ئەم هێرشە بەربڵاوە کە لە ناوەوە و دەروە دەکرێتە سەر کەرامەتی خۆیان و ژن منداڵیان ناگرن.
کۆمەڵێک لەم گۆرگەبۆرانەی ناو فەرهەنگ و هونەر و رۆشنبیری و سیاسەتی کورد, داردەستی راستەوخۆی کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی ئێرانن. گەلێک لەوانە بە هەزاران قەڵەمباز خۆیان دەگەێنە ئوروپا و بە بیانووی جۆربەجۆر لە رێگای دەلاڵانی باشوری و باکوری و لایەنەکانی سیاسی و فەرهەنگیەوە, پێوەندی لە گەڵ کەسانی چالاک دەگرن بۆ ئاگادار بوون لە کارو باریان و راپورت نووسین بۆ ئەربابانیان. ئەم سیاسەتە بە ساڵانە لە باشوری وڵاتیش بەڕێوە دەچێ.
جێگای گەلێک سەر سووڕمانە کاتێک مرۆڤ بۆی دەردەکەوێ فڵان دەمڕاستی کاری فەرهەنگی و هونەری و رۆژنامەوانی و میوانی سەرەکی کۆڕ و سمینار و کۆنگرەکان, ئەمە پیشەیان بێ. لە ماوەی چەند ساڵی رابوردودا دەیان جار لە ناوە و دەرەوی وڵات ئاگاداری ئەم ئاکارە دزێوانەی ئەم جەماعەتە کراوین. دەبێ ئەم تاقمە بە خەڵک بناسێندرین و لە مەیدانی فەرهەنگ وهونەر دور بخرێنەوە. ئەرکی هێزە سیاسیەکانی کوردستانیشە بۆ بەرژەوەندی کاتی خۆیان چاو لە رمبازێنی ئەم کەسانە نەنوقێنن و بە ناوی رۆشنبیر لە مەقەڕەکانیان داڵدەیان مەدەن.

# هونه رمه ندان و نووسه رانی ڕه سه نی ڕۆژهەڵاتی کوردستان

نووسەرێک لە وڵامی ئە م پرسیارەدا، کە بۆ سەفەرێکی ئوروپا ناکەی؟ دڵێ:" من پارەی ئەوەندەم نییە هەفتەیەک لە تاران بمێنمەوە جا چ بگات بە ئوروپا". نووسەر و وەرگێرێک هۆی چاپ نەکردنی کتێبەکانی لەم وڵامەدا کۆ دەکاتەوە:" هەر نووسەرێک کتێبێک لە چاپ بدات بۆ حەوت پشتی عاقڵ دەبێ". دەرهێنەرێکی سینەما بۆ تەواو کردنی دوا فیلمەکەی ماڵەکەی خۆی دەفرۆشێ. بەرپرسی یەکێک لە گرۆپەکانی موسیقای ڕەسەنی کوردی دەڵێ:" بۆ بڵاوکردنەوەی دوا بەرهەممان زێری ژنەکانمان فرۆشتووە". هونەرمەندێکی ڕەسە نی شانۆی کوردی کە لە تەمەنی چل و پێنج ساڵیدا عەمەلیاتی دڵ کراوە3، بۆ پێشکەشکردنی کارەکانی لە سەر سەکۆ دەستە مۆکراوەکانی ئیسلامی، لە گەڵ ژیانێکی پڕ لە ژان دەستە و یەخەیە. هۆنەرمەندێکی گەورەی وڵاتەکەمان لە وڵامی ئەم پرسیارە دا کە ئایا کۆماری ئیسلامی یارمەتیت دەدا؟ دەڵێ:" کوڕە نە وڵا / هەر لە کۆڵم ببنەوە و ئەوەی خە ڵکیش دەمداتێ لێم نەستێنن هیچم لێیان ناوێ."

ئەوە و دەیان گێڕانەوەی تر هەیە کە ژیانی پڕ لە ژانی هونەرمەندان و نووسەرانی ڕەسەنی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەردەخن. ژیانی ئەمرۆی ئەم خێڵە ئینسانە، ئاوێنە و درێژەی ژیانی هونەرمەندان و نووسەرانی پێشترە لەم بەشەی کوردستان و هاوتای ژیانی نووسەران و هونەرمەندانی بە ئەمەگی کۆچەرە لە دەرەوەی وڵات. ئەم سەڵاڵەیە لە هەر بوارێکی نووسین و هونەردا کار بکە ن و لە هەر شوێنێکی جیهان بژین، چەند تایبەتمەندی لە یەکیان نزیک دەکاتەوە. ڕاست بێژی، ئەوینی نیشتمان و خەڵک، ڕێزی هونەر و وشە و فەرهەنگ، پایبەندبوون بە بایخەکانی ئینسانی و شارە زایی پیشەیی. ئەم تایبەتمەندیانە هونەرمەندان و نووسەرانی کورد لە هونەرمەندان و نووسەرانی ڕەسەنی جیهانی نزیک دەکاتەوە، کە ئەمرۆ لە گەڵ هێرشێکی بە ربڵاوی دژە هونە ر و فەرهەنگ رووبەرون کە لە ڕێگای مێدیا و بازاری گەندەڵەوە پەرەی پێدەدرێ و ژیانی فەرهەنگی ئینسان دەخاتە مەترسییەوە. لەم بەستێنەدا کاری هونەرمەندان و فەرهەنگسازانی کورد گەلێک دژوارترە، لە بەر ئەوەی لە لایەک دژبەری فەرهەنگی پووکاو و دواکەوتوی دژی ئینسانی کۆماری ئیسلامی و رابەرانی گەندەڵ ئاکاری ئەم سیستمەن و لە لایەکی دی روبەرووی شاڵاوی بێ فەرهەنگی لایە نەگەندەڵەکانی جیهانین و دەبێ لە گەڵ لایەنە چەوتەکانی ناو فەرهەنگ و داب و نەریتە تەرسەکانی خۆشمان دەستە و یەخە بن. لە وەش زیاترە دەبێ بە ربەرەکانی لە گەڵ زڕە نووسەران و هونەرمەندانی گەندەڵ ئاکاری ناو خۆمان بکەن و سیاسەتە ڕزیوەکانی دژ بە فەرهەنگی کورد کە لە لایەن کۆماری ئیسلامی ئێران و دام و دەزگاکانییەوە ڕەچاو دەکرێ پووچەڵ کەنەوە. پەیرەو کردنی ئەم ئەرکانە پلە و پایەی بەرز و مرۆڤانەی پەیامبەرانی فەرهەنگی ئینسانی کورد بە رزتر دەکەنەوە و ناو و ڕێزیان هەر دەم بەرز رادەگیرێ.

---

[3]- بە داخەوە ئەو دۆستە لە مێژینەیە، ساڵی 2005 گیانی لە دەست داوە، ئارشیۆیکی گەورەی بۆ شانۆی کوردستان لە پاش بەچی ماوە.

# رۆژهه‌ڵاتی بێ مێدیا و هونه‌ری زیندوو!

مانگی ده‌ستکرد "ده‌نگ و ڕه‌نگی ده‌ستکردی کورد" ده‌گه‌یێنێته‌ ماڵه‌ کورده‌کان له‌ وڵات و هه‌نده‌ران. زۆربه‌ی هه‌ره‌ زۆری به‌رنامه‌کانی ته‌له‌وزیۆنه‌ کوردیه‌کان به‌رهه‌می بیری ته‌سک و هونه‌ری نزم و ته‌کنیکی نزمتره‌. ره‌نگه‌ 5 له‌سه‌دی هه‌موو به‌رنامه‌کان به‌رهه‌می هونه‌ری بایخدار بن که‌ بۆ سازکردنیان کات سه‌رف ده‌کرێ و ره‌نجی له‌ گه‌ڵدا ده‌کێشرێ که‌ ئه‌ویش له‌ ناو نه‌ود وپێنج سه‌دی باقیدا گووم و ون ده‌بن.
ده‌سته‌ڵاتی ته‌نگی فکری- حزبی وئیداری, لاساییکردنه‌وه‌ی مودێرنیزم وگلۆبالیسم له‌ شێوه‌ی موبته‌زه‌لدا, بێ هونه‌رکردنی هونه‌ر, به‌ حیساب نه‌هێنانی بینه‌ر و راده‌ی بیروهۆشی, گاڵته‌کردن به‌ ته‌کنیک و که‌ڵک وه‌رگرتن له‌ ته‌کنیکی سه‌رده‌م, ته‌له‌وزیۆنه‌ کوردیه‌کانی پێک هێناوه‌. ده‌رگای ئه‌م ته‌له‌وزیۆنانه‌ به‌ سه‌ر زانست, فه‌رهه‌نگ, هونه‌ر و ئه‌ده‌بیاتی ئه‌مرۆی جیهاندا داخراوه‌ و کوردستان له‌ رێگای ته‌له‌وزیۆنه‌کانییه‌وه‌ بۆته‌ دورگه‌یه‌کی دابڕاو له‌ جیهان, له‌وه‌ش زیاتر به‌ ده‌گمه‌ن هونه‌رمه‌ندان و نووسه‌ران و بیرمه‌ندانی ئازادی کورد و به‌رهه‌مه‌کانیان ڕێگایان ده‌که‌وێته‌ ئه‌م ته‌له‌وزیۆنانه‌. له‌م ته‌له‌وزیۆنانه‌دا ته‌واوی هونه‌ر له‌ گۆرانی و گۆرانی بێژیدا کۆ بۆته‌وه‌ و باقی هونه‌ره‌کان له‌م ده‌زگایانه‌دا بێ نازن. که‌سانێک به‌ ناوی هونه‌رمه‌ند و گۆرانی بێژ به‌ تایبه‌ت له‌ ده‌ره‌وه‌ی وڵاته‌وه‌ به‌ خه‌ڵک ده‌ناسێندرێن که‌ نه‌ گۆرانی بێژن و نه‌ پیشه‌یان گۆرانی بێژیه‌. جیاوازی ئه‌م تاقمه‌ له‌ گه‌ڵ هونه‌ر وهونه‌رمه‌ند کاتێک ده‌رده‌که‌وێ که‌ جارێک له‌ جاران گۆرانی بێژێکی لێهاتوو و شاره‌زا و هونه‌رمه‌ند ده‌بێته‌ میوانی ئه‌م ته‌له‌وزیۆنانه‌. ته‌له‌وزیۆنه‌ کوردییه‌کان به‌ گشتی پاڵپشتی نزمترین بیر و فکر و هونه‌ر و فه‌رهه‌نگن. ئه‌مه‌ش ئه‌وان ده‌خاته‌ ناو ریزی نزمترین ته‌له‌وزیۆنه‌کانی نه‌ته‌وه‌کانی ده‌سته‌ڵاتداری ده‌وروبه‌ریان.
له‌ ماوه‌ی چه‌ند مانگی رابوردودا کۆمه‌ڵێک گۆرانی و ویدیۆکلیپ له‌ هونه‌رمه‌ندانی رۆژهه‌ڵاتی کوردستانه‌وه‌ گه‌یشتۆته‌ ده‌ستم. هیچکام له‌م گۆرانی و ویدیۆکلیپانه‌ له‌ هیچکام له‌ ته‌له‌وزیۆنه‌کانی کوردییه‌وه‌ نیشان نه‌دراون و ره‌نگه‌ گۆرانی بێژان و هونه‌رمه‌ندانی پێک هێنه‌ری ئه‌م کاره‌هونه‌ریانه‌ش بۆ بینه‌ر و بیسه‌ری کورد ئاشنا نه‌بن. بیستن و بینینی ئه‌م کاره‌ به‌ پێزه‌ هونه‌ریانه‌ له‌ لایه‌که‌وه‌ جێگای دڵخۆشه‌یه‌ و له‌ لایه‌کی تره‌وه‌ جێگای داخ و که‌سه‌ر و بێزاریه‌, بێزاری له‌ ده‌سته‌ڵاتدارانی ته‌له‌وزیۆنه‌ کوردییه‌کان که‌ دوورن له‌م هونه‌رمندانه‌. ئه‌م هونه‌رمه‌ندانه‌ له‌ ده‌ره‌وه‌ی مێدیای کورد هونه‌ر ده‌خوڵقێنن و به‌ پێچه‌وانه‌وه‌ ته‌له‌وزیۆنه‌ کوردییه‌کان په‌ره‌ به‌ بێ هونه‌ری ده‌ده‌ن. هونه‌رمه‌ندانی رۆژهه‌ڵاتی بێ مێدیا و بێ ته‌له‌وزیۆن له‌ ژێر ناله‌بارترین بارودۆخدا به‌رهه‌می هونه‌ری ده‌خوڵقێنن.
پێشتر باسم له‌ سینه‌ما, شانۆ, و هه‌ڵپه‌رکێ له‌ رۆژهه‌ڵاتی کوردستان کردووه‌. مۆسیقا به‌شێکی تری هونه‌ری کوردیه‌ که‌ له‌ ده‌ ساڵی رابوردودا به‌ پان و به‌رینی هه‌موو رۆژهه‌ڵاتی کوردستان, په‌ره‌ی ساندووه‌. هیچ شارێکی رۆژهه‌ڵاتی کوردستان نییه‌ که‌ چه‌ند تیپی موسیقا و هه‌ڵپه‌رکێ و کۆمه‌ڵێک لاوی لێزانی بۆ دروستکردنی ویدیۆکلیپ نه‌بێ. سینه‌ما, هه‌ڵپه‌رکێ, ویدیۆکلیپ, شانۆ, موسیقا و ئه‌ده‌بیات له‌ رۆژهه‌ڵاتی کوردستان به‌ره‌و پرۆفسیۆنالیته‌ت ده‌چن و له‌ گه‌ڵ قووڵ بوونه‌وی هونه‌ر زه‌رفی ته‌نگی سیاسی و کۆمه‌لایه‌تی و ئیداری و ئایینی له‌ به‌ر یه‌ک ده‌ترازێنن.
جیل و به‌ره‌ی نوێ که‌ هه‌موویان په‌روه‌رده‌ی ناو سیستمی کۆماری ئیسلامین به‌ڵگه‌ی به‌زاندنی سنووره‌کان و چوارچێوه‌ ته‌سکه‌کانن. فرشادی مورادی, حه‌سه‌ن زیافه‌تی, عه‌بدوڵا په‌رتۆئه‌نداز, ئه‌حمه‌د نازدار, یۆسف نووری, ره‌زا به‌ختیاری, به‌ها محه‌مه‌دی, دڵسۆز, شاخه‌وان و ده‌یان گۆرانی بێژی دی ئه‌ندامانی نوێی بنه‌ماڵه‌ی گه‌وره‌ی موسیقای کوردین. له‌م ناوه‌دا جێگای منداڵان و مێرمنداڵان ته‌واو به‌رچاوه‌. بینینی کچۆڵه‌یه‌کی 12 ساڵانه‌ی سه‌رچۆپی کێش, بیستنی یۆسف نووری کرماشانی وه‌ک گۆرانی بێژ و بینینی کچان و کوڕانی زۆر هونه‌رمه‌ند له‌ ویدیۆکلیپه‌کاندا نیشانده‌ری هه‌ڵدانی بیر, هونه‌ر و هونه‌رمه‌نده‌. گه‌لێک له‌ ویدیۆکلیپه‌کان له‌ رۆژهه‌ڵاتی کوردستان نه‌ ته‌نیا لێزانانه‌ و هونه‌رمه‌ندانه‌ دروست کراون به‌ڵکو زۆر به‌رپرسیارانه‌ ئاوڕیان له‌ هونه‌ر وفه‌رهه‌نگ و فۆلکلۆری کورد داوه‌ته‌وه‌. تیپه‌کانی هه‌ڵپه‌رکێ که‌ له‌ ویدیۆکلیپه‌کاندا ده‌وری تایبه‌ت ده‌گێڕن جار هه‌یه‌ که‌ هه‌ڵپه‌رکێی کوردی هه‌تا نیشاندانی دراما به‌رز ده‌که‌نه‌وه‌. ویدیۆکلیپی" خان هاتگه‌" به‌ ده‌نگی ئه‌حمه‌د نازادار و به‌شداری تیپی هه‌ڵپه‌رکێی "خانان"ی شاری سنه‌ و ویدیۆکلیپی "لچکه‌ زه‌رد" به‌ ده‌نگی گۆرانی بێژی گه‌لێک لاو یۆسف نووری له‌ شاری کرماشان و به‌ به‌شداری کۆمه‌ڵێک تیپی هه‌ڵپه‌رکێی ناوچه‌کانی کوردستان ته‌نیا دوو نمونه‌ی که‌می ئه‌م کاره‌ سه‌رکه‌وتووانه‌ن.
هه‌رچه‌ند ئه‌مرۆ ئه‌م هونه‌رمه‌ندانه‌ له‌ ده‌ره‌وه‌ی مێدیای کوردی راوه‌ستان, به‌ڵام له‌ ناودڵ و مێشکی خه‌ڵک و هونه‌رناساندا جێگایان هه‌یه‌. ناوه‌ زیندووه‌کانی موسیقای کوردی به‌ خه‌ڵکی کورد و هونه‌رناسانه‌وه‌ زیندوون نه‌ به‌ مێدیا و حزب و ده‌سته‌ڵاته‌وه‌. ده‌سته‌ڵاتی راسته‌قینه‌ی ئینسانیش نه‌ ته‌نیا له‌ کوردستان به‌ڵکو له‌ هه‌موو جیهان له‌ ده‌ستی فه‌رهه‌نگپه‌روه‌راندا بووه‌, کورد و هونه‌رمه‌ندانی بیرمه‌ندی کوردیش به‌شێکن له‌ فه‌رهه‌نگی گه‌وره‌ی ئینسانی که‌ ئه‌مڕۆ وه‌به‌ر هێرشێکی به‌ربڵاو که‌وتوون! به‌رپرسانی ته‌له‌وزیۆنه‌کانی کورد ده‌بێ وڵامی ئه‌م پرسیاره‌ بده‌نه‌وه‌ که‌ ئایا ئه‌وان له‌ ریزی هێرشکه‌ران دان یان له‌ ریزی فه‌رهه‌نگ و هونه‌رسازان!؟

# یه‌كیه‌تی نووسه‌ران و هونه‌رمه‌ندان له‌ رۆژهه‌ڵاتی كوردستان

یه‌كێك له‌و گیرو گرفتانه‌ كه‌ له‌ 24 ساڵی رابوردودا هه‌بووه‌ و ئێستاش هه‌یه‌, مه‌سه‌له‌ی پرش وبڵاوی نووسه‌ران, هونه‌رمه‌ندان, فه‌رهه‌نگسازان و پسپۆڕانی كورده‌. پاش رووخانی رژێمی پاشایه‌تی بۆ یه‌كه‌م جار له‌ مێژوویی رۆژهه‌ڵاتی كوردستاندا نووسه‌ران و هونه‌رمه‌ندان له‌ كۆبوونه‌وه‌یه‌كی[4] به‌رفراواندا له‌ شاری مه‌هاباد باسیان له‌ یه‌كگرتن و هاوكاری كردن كرد, به‌ڵام به‌ چه‌ند هۆ یه‌كێك له‌وانه‌ هۆی حزبایه‌تی, هیچ رێكه‌وتنێك له‌ نێوانیاندا پێك نه‌هات. جارێكی دی پێشنیاری هاوكاری كردن له‌ نێوان هونه‌رمه‌ندانی كورددا له‌ لایه‌ن به‌رپرسی هونه‌ری[5] یه‌كێك له‌ رێكخراوه‌كانه‌وه‌ كرا, ئه‌ویش ئاكامی نه‌بوو.
حزب و رێكخراوه‌كان له‌م ده‌وره‌یه‌دا گروپی هونه‌ری خۆیان پێك هێنا و به‌م چه‌شنه‌ هه‌موو به‌شه‌كانی هونه‌ر له‌ ناوه‌رۆك و فورم و شكڵ و بۆچووندا دابه‌ش كران. شه‌ڕی حزبی و ئیدئۆلۆژیك كه‌وته‌ ناو هونه‌ر و هونه‌رمه‌ندانیشه‌وه‌. فه‌رهه‌نگ و زمان و هونه‌ری یه‌ك نه‌گرتووی پڕ له‌ گرێ وگۆڵی كورد له‌ رۆژهه‌ڵاتی كوردستان, به‌ره‌و پچڕپچڕی و دابڕانی زۆرتر كێشرا. هونه‌ر, سه‌ربه‌ستی و خوڵقاندنی لێ وه‌رگیرا و بوو به‌ پاشگه‌ڵی سیاسه‌تی حزبی. حزبه‌كان كه‌ كه‌وتنه‌ شه‌ڕ له‌ گه‌ڵ یه‌كتر , هونه‌رمه‌ندان و نووسه‌رانیشیان تێگلان و هه‌ر كام بوون به‌ لایه‌نگری لایه‌نێك له‌ لایه‌نی شه‌ڕه‌كان, له‌ رێگای ئه‌م سیاسه‌ته‌وه‌ كورد له‌ باری فه‌رهه‌نگی و هونه‌ری و ره‌وانی و ده‌روونییه‌وه‌ پارچه‌ پارچه‌ كرا.
له‌م ده‌وره‌یه‌دا چه‌مكی سه‌یر سه‌یر بۆ هونه‌ر و ئه‌ده‌بیات دۆزرایه‌وه‌, لاپه‌ڕه‌كانی كتێب و بڵاوكراوه‌كانی حزبه‌كان پڕی ئه‌م زاراوانه‌ بوون, هونه‌ری پێشڕه‌و، هونه‌ری كارگه‌ری، هونه‌ری حزبی، هه‌ژار كوته‌نی:,, له‌ هونه‌ری كوردی خه‌به‌رێك نه‌بوو,, ته‌نانه‌ت زمانی نه‌مه‌یوی نووسین له‌ رۆژهه‌ڵاتی كوردستان, كه‌وته‌ ژێر كارتێكردنی ئه‌م سیاسه‌ته‌, چه‌ند جۆر شێوه‌ی نووسین له‌ لایه‌ن رێكخراوه‌كانه‌وه‌ به‌ كار ده‌هات و ئێستاش به‌ كار دێت.
ئه‌م سیاسه‌ته‌ له‌ رۆژهه‌ڵاتی كوردستان وای كرد كه‌ ئێمه‌ ئه‌مڕۆ ته‌نیا خاوه‌نی گیروگرفتی سیاسی نه‌بین, به‌ڵكو خاوه‌نی گیروگرفتی فه‌رهه‌نگی, هونه‌ری و زمانیش بین. هه‌رچه‌ند ئه‌مڕۆ به‌شی هه‌ره‌ زۆری نووسه‌ران, هونه‌رمه‌ندان و پسپۆڕانی به‌شه‌كانی هونه‌ر و زانست له‌ حزبه‌كان و كاری حزبی دوور كه‌وتوونه‌ته‌وه‌, به‌و حاڵه‌ یه‌كگرتوویی له‌ ناو نووسه‌ران و هونه‌رمه‌ندان‌دا پێك نه‌هاتووه‌ و به‌ پێچه‌وانه‌ لێك دابڕان و پچڕپچڕی فكری و هونه‌ری و كاری, زۆرتر بووه‌, ئه‌وانه‌ یان تاك تاك ماونه‌ته‌وه‌ یان چه‌ند كه‌س و كه‌سانێك مه‌حفلی هونه‌ری و فكری خۆیان پێك هێناوه‌. هێندێك به‌رهه‌م و كاری هونه‌ری جگه‌ له‌ زمانه‌كه‌ هیچ پێوه‌ندێكی به‌ كورد و فه‌رهه‌نگ و هونه‌ر و دۆزی كورده‌وه‌ نییه‌. هێندێك له‌و مه‌حافیله‌ رۆشنبیریانه‌ ته‌نانه‌ت هی سه‌رده‌م و چاخی ئه‌مرۆی جیهانیش نین.
ئاڵۆزی فكری وشێوه‌ی هونه‌ری و زێهنی گه‌رایی پێناسه‌ی ئه‌و تاقمانه‌ن. ئه‌مڕۆ له‌ رۆژهه‌ڵاتی كوردستان له‌ هه‌موو شاره‌كان ته‌نانه‌ت له‌ هێندێك له‌ گونده‌كان ئه‌نجومه‌نی ئه‌ده‌بی هه‌یه‌, ئه‌نجومه‌نی شانۆ و ئه‌نجومه‌نی فیلم و گرۆپی موسیقا و هه‌ڵپه‌ركێ هه‌یه‌. له‌ شار و ناوچه‌كانی كوردستان و ئێران فستیواڵی شانۆ و موسیقا و هه‌ڵپه‌ركێ و فولكلۆر و شه‌وی ئه‌ده‌بی و كۆبونه‌وه‌ی هونه‌ری به‌رپا ده‌كرێ و گه‌لێك گۆواریش له‌ شاره‌كان به‌ تیراژی كه‌مه‌وه‌ بۆ ناوچه‌كه‌ ده‌رده‌چن. به‌ڵام له‌م وڵاته‌دا سه‌ندیكایێكی هونه‌رمه‌ندانی كورد ، ئه‌نجومه‌ن و یه‌كیه‌تی نووسه‌رانی كورد، ئه‌نجومه‌نی شانۆی كورد , ئه‌نجومه‌نی سینه‌ماگه‌رانی كورد و یانه‌ی موسیقای كوردستان و یا كۆڕی هه‌ڵپه‌ركێ بوونیان نییه‌!! ئه‌وه‌ی بۆ نووسه‌ران و هونه‌رمه‌ندان و پسپۆڕانی رۆژهه‌ڵاتی كوردستان یه‌ك ناگرن و بۆ هاوكاری یه‌كتر به‌ شێوه‌ی پێویست ناكه‌ن و بۆ تاك تاك و پچر پچر ماونه‌ته‌وه‌؟ هۆی جیاوازی هه‌یه‌, جگه‌ له‌ سیاسه‌تی داپڵۆسێنه‌رانه‌ی رژێمی كۆماری ئیسلامی و زه‌بر وزه‌نگ و زۆر و نه‌بوونی ئازادی و به‌رته‌سك كردنی كارو تێكۆشانی فه‌رهه‌نگی وهونه‌ری ورۆشنبیری له‌ كوردستان, ره‌قابه‌تی ناسالم له‌ به‌رزترین پله‌ له‌ نێوان هونه‌رمه‌ندان و نووسه‌ران, به‌رچاوته‌نگی تاكه‌ كه‌سی و گروهی, ,, ئیندیویدوالیسم,,ی نگاتیف و مه‌نفی, ته‌نگده‌ستی مادی و نه‌بوونی بازاری هونه‌ر وفه‌رهه‌نگ و ناپرۆفسیوناڵ بوونی كاری فه‌رهه‌نگی وهونه‌ری هێندێك له‌و هۆیانه‌ن! ئه‌وه‌ش كه‌ ئایا بیری نه‌ته‌وه‌یی و مه‌سڵه‌حه‌تی نه‌ته‌ویی له‌م به‌ینه‌دا رۆڵێك ده‌لیزێ جێگای پرسیاره‌. زیاده‌ له‌وانه‌ به‌شێك له‌م خێڵه‌ هه‌ر ئێستاش له‌ خزمه‌تی كۆماری ئیسلامی دان و به‌شێك هێشتا هه‌ر گرفتاری فكری حزبین. دابڕانی به‌شێكی زۆری ئه‌م خێڵه‌ له‌ وڵات و دووركه‌وتنه‌وه‌یان له‌ كاری هونه‌ری, فه‌رهه‌نگی و زانستی دژوارییه‌كی تری مه‌سه‌له‌كه‌یه‌!
سه‌ره‌ڕای هه‌موو ئه‌و گیروگرفتانه‌ نووسه‌ران, هونه‌رمه‌ندان, روشنبیران و پسپۆڕانی به‌شه‌كانی زانست و هونه‌ر وفه‌رهه‌نگ بۆ ئه‌وه‌ به‌ ئازادی و رزگاری بگه‌ن و به‌ره‌و خوڵقاندنی به‌رهه‌می هونه‌ری بڕۆن, ده‌بێ هێزو توانا و ئێمكاناتیان بۆ یه‌كتر به‌كار بێنن و له‌ جیاتی شه‌ڕه‌ دندۆكه‌ له‌ گه‌ڵ یه‌كتر و چه‌ت خستنه‌ ناو كاری یه‌كتر و به‌ ته‌نیا مانه‌وه‌,

---

[4]- له‌م كۆبوونه‌وه‌دا به‌شێكی زۆر له‌ نووسه‌ران و هونه‌رمه‌ندان سه‌ر به‌ هه‌موو هێلیكانی سیاسی و فكری به‌شدار بوون، ئه‌و كه‌سانه‌ی كه‌ به‌ كاره‌كه‌ هه‌ستابوون سه‌ر به‌ حزبی دێموكرات بوون له‌ وانه‌ كریم حیسامی، هێمن و... ئه‌م كۆنگره‌ یان كۆنفرانسه‌ ده‌بێ هاوینی 1358 بووبێ.
[5]- ئه‌وه‌ی له‌ بیرم بێ مسباح شێخ ئولئیسلامی برای فاتح شێخ ئولئیسلامی هاته‌ بۆكان و له‌ گه‌ڵ ئێمه‌ قسه‌ی كرد و جارێكی دی له‌ شاری سنه‌ له‌ چوارچێوه‌ی فستیواڵی موسیقای نه‌ته‌وه‌كانی ئێران له‌ رێبه‌ندانی 1358 هه‌مان ویستی دوباره‌ كردوه‌ به‌ڵام ئه‌م هاوكاریانه‌ش سه‌ری نه‌گرت.

دەبێ هاوکاری یەکتر بکەن. یەک گرتن و هاوکاری کردنی نووسەران و هونەرمەندان لە گەڵ یەکتر نە تەنیا زەرەری بۆ تاک تاکی ئەوان نییە بەڵکو بە پێچەوانە بە سوودی تاک تاکی ئەوانە و بە گشتی بە سوودی هونەر وفەرهەنگی کوردە و بە سوودی دۆزی کوردیشە. رەنگاورەنگی لە هونەرو فەرهەنگدا دەبێتە هۆی دەوڵەمەند کردنی فەرهەنگ و هونەر. یەک گرتنی ئەم خێڵەو چالاک بوونیان لە ناوخۆ و دەرەوەی کوردستان دۆزی سیاسی کورد بەرەو پێش دەبا وپێش بە پاوانخوازی و داسەپاندنی دەستەڵاتی نادموکراتیکی هێزەکانی سیاسی کوردیش دەگرێ. یەک گرتنی ئەم هێزە لە رۆژهەڵاتی کوردستان دەتوانێ پێش بە دوبارەبوونەوەی ئەو تراژدییانە بگرێ کە لە باشوری وڵات بەرۆکی دەیان هونەرمەند و نووسەر و زانا ورۆشنبیری کوردیان گرت. هەروەها پێش بە دووبارە بوونەوەی تیرۆری شەخسیت و کەسایەتیە سەربەخۆکان بگرێ, کە لە ساڵی 1358 لە رۆژهەڵاتی کوردستان رووی دا.

*ئەگەر هەر کام لە ئێمە نووسەرو هونەرمەند و زانا و پسپۆر ورۆشنبیری گەلەکەمان بین, کە مێژوویکی تاڵی هەبووە و بەشی زۆری بە دەستی ئێمەمان پێک هاتووە, دبێ لە بارودۆخی ئەمرودا وڵامی پرسیاری سەردەمی خۆمان بدینەوە و هەنگاوێک بۆ بەختەوەری نەتەوەکەمان هەڵهێنینەوە.* هەنگاوێک کە خۆی لە یەک گرتنی نووسەران وهونەرمەندان و روشنبیران و فەرهەنگسازاندا دەبینێتەوە.

2003/7/18

# هونەر و رێکخراوی هونەری کورد لە "کۆمەڵگای کورد"

مەبەست لە هونەر کام هونەرە؟

ئەگەر مەبەست هونەری موسیقا, شانۆ, سینەما, نەقاشی, سەما و هەڵپەرکێ بێت! باس کردن لە هەرکام لەو هونەرانە لە پێوەندی لە گەڵ سەر دێڕی باسەکەدا جیاوازە. جیاواز لە لایەنی هونەریی, رێکخستن, بازار و پێوەندی هونەرەکە لە گەڵ خەڵکدا! شانۆ, سینەما و سەما و هەڵپەرکێ لەو هونەرانەن کە بە کۆمەڵە کەسێک ئەنجام دەدرێن کە رێکخستنی تایبەتی هەڵدەگرێ ، ئەو کۆمەڵە کەسە لە کارەکەیاندا لە گەڵ گیروگرفتی هاوتا روبەرو نین, هەر بۆیە لە مەیدانی هونەریشدا چارەنووسیان گەلێک جیاوازە, بەڵام کوردی بوونی هونەر و کوردبوونی هونەرمەند و چۆنییەتی گۆمەڵگای کورد، ئەوانە هاوچارەنووس دەکات بۆ ئەوە رێکخراوی خۆیان هەبێ!
لە رۆژی جیهانی شانۆدا دەبوو باسی شانۆ و گیروگرفتەکان و باری رێکخستنی ئەم هونەرە لە هەر چوارپارچەی کوردستان و دەرەوەی وڵات بکردرێ, شانۆیەک کە پیرانی شانۆ لە باشور دەڵێن لە گیانئەڵا دایە. شانۆیەک کە لە باکور دەست و یەخەی ژاندارم و قەرەقۆڵ و پۆلیسە, شانۆیەک کە لە رۆژهەڵات لە چارشیوی ڕەشی ئایین پێچراوە و رەنگەکانی نەتەوەیی و فەرهەنگێ و زمانی کوردی، لێ زەوت کراوە و بۆتە شانۆی دەستەمۆکراو و بەرئاوەژوکراوی رێچکەکانی شانۆی تاران، کە ئەویش خۆی بەرئاوەژووی ئوروپایە. شانۆیەک کە لە رۆژئاوای وڵات لە گەڵ خەڵکەکەی ناسنامەی لێ زەوت کراوە. ئەمانە و دەیان باسی دی دەبوو لەو رۆژەدا باس بکرێ. بەڵام کوردبوون و دۆزی کورد و چارەنووسی پڕلە کارەساتی کورد و هونەرەکەی, مرۆڤ هان دەدات هونەر بە گشتی بخاتە بەر باس و گفت وگۆ.
هونەریش لە ناو کورددا بە هەموو لق وپۆپەکانییەوە, هونەری ژێر چەوسانەوەیە, هونەری ژێر تواندنەوەیە, هونەری دەردەداری بێ نازە, کە هونەرمەندەکەش دەگرێتەوە, هەر بۆیە من لە دەرگای باسێکی گشتی دەدەم و پاشان لە گفت وگۆکاندا دەگەڕێنەوە سەر هەرکام لە هونەرەکان لە وانە هونەری شانۆ.

مەبەست لە رێکخراوەی هونەری چییە؟

مەبەست لە رێکخراوی هونەری کام رێکخراوە؟ رێکخراوی هونەریی-پیشەیی( بۆ وینە هونەری شانۆ و پیشەیی شانۆگێڕی), رێکخراوی سنفی(کە داکۆکی لە مافی سنفێکی تایبەت دەکا), رێکخراوی تەخەسوسی(پسپۆر لە بوارێکی تایبەت بۆ وێنە شانۆپێداگۆگی), ویان رێکخراوی سرف هونەری(بۆ وێنە هونەری کاریکاتۆر)؟
لە پاڵ ئەم پرسیارانەدا گەلێک پرسیاری دی دێنە گۆڕێ، لە وانە چۆنییەتی پێوەندی هونەر و هونەرمەند(ئاماتۆر/ پرۆفیسۆناڵ), هونەر و کۆمەڵ(بۆ وێنە چۆنێەتی پێوەندی هونەری نەقاشی و هونەری شانۆ لە گەڵ کۆمەڵ و کۆمەڵگا دوو جنسی جیاوازن، یەکەمیان تەنیا دەتوانێ بینەری تابلۆکان بێ، دووهەمیان دەتوانێ بەشدار لە پرۆسەی کارە هونەریەکە بێ، هونەری یەکەم بێ بینەر دەتوانێ بەرهەم بێ، هونەری دووهەم بێ حزووری بینەر بوونی تەنیا لە سەر کاغەز هەیە یان بە شێوەی فیلم کە ئەوەش نابێتە ئەو هونەری شانۆیەی کە ناسراوە)، هونەرمەند وکۆمەڵ( پێوەندی هونەرمەند و کۆمەڵ تەواو لە یەک جیاوازن,لە نێوان ئاکتۆری سینەما وەک هونەرمەند و خەڵکدا دەزگا و دەزگاگەلێک هەن، بەڵام ئاکتۆری شانۆ هاونەفەس دەبێ لە گەڵ بینەردا، ئەم دوو پێوەندییە دوو چەشنە پێوەندی هونەرمەند لە گەڵ کۆمەڵگا نیشان دەدن)، هونەر و رێکخراوە, هونەرمەند و رێکخراوە, هونەر و بازارو هونەرمەند و پیشە! هەر کام لەم بەشانە جێگای گفت وگۆی تایبەت هەڵدەگری و دەبێ وەک بابەتی سەربەخۆ باس بکرێن. ئایا ئەو رێکخراوانە کە ئێمە بە ناوی هونەر و زانست سازیان دەکەیەن بە تایبەت لە ئوروپا، بە پێی وڵامدانەوەی ئەو پرسیارانەی سەرەوە دروست کراون؟ یان بە پێی ویستی هەمەجۆری سیاسی و حزبی و ناوچەگەری و شتی تر.
ئەمرۆ لە ناو کورددا ناوگەلی هەمەڕەنگ بۆ رێکخراوە هونەریەکان بەکار دەهێندرێن وەک ئاکادمی هونەر, ئەنستیتۆی هونەر و..., کۆمەڵەی هونەر و... , یەکەتی هونەر.... و دەیان ناوی دی کە لە سەر گروپە هونەریەکان داندەندرێن. چەندە ئەو ناوانە لە گەڵ چالاکی ئەم رێکخراونە, رێکە! چەندە ئەم ناو و ناوەندانە لە گەڵ هاوتاکانیان لە جیهاندا و لە گەڵ بابەتی هونەری و زانستی هونەری یەک دەگرنەوە، مەیدانێکی بەرفراوانە بۆ لێکۆڵینەوە.
لە وڵاتانی ئوروپا ئێمە وەک کورد مەقەرێکمان داناوە و ناومان ناوە ئاکادمی یان ئەنستیتۆ! (ئەڵبەت ئەم بۆچوونەی من هەموو ئەو شوێنە کوردیانە ناگرێتەوە.) ئێمە دەبێ بە جیدی خۆمان لەم نۆرمە وەدواکەوتووانە لە ئوروپا و لە کوردستان دور خەینەوە و وەک چۆن هێدی هێدی لە سیاسەتدا بەرەو زانستی سیاسی و دیپلۆماسی دەچین, لە کاری هونەری و رێکخراوی هونەریشدا بەرەو نۆرم و زانست و تەکنیکی "مەنیجێری هونەری" و رێکخراوەیی بچین.
هەڵسوڕاندن و بەرێوەبردنی کۆمەڵەیەکی هونەری-کۆمەڵایەتی- فەرهەنگی, ئەویش لە ئوروپا بە هەر کەسێک ناکرێ و لێزانی دەوێ، لێزانێک کە کار و پیشەو شوغلی ئەوە بێ . لێکگرێدانی هونەر و تجارەت و ئابوری, پێویستی بە بەرنامە و ستراتێژی و پسپۆڕیی و شارەزایی هەیە. دەبێ کەسی شارەزا پێی هەڵستێ نە کەسانێک کە تەنانەت زمانی ئەو وڵاتەی کە تێدا دەژین نازانن و وەک بەرپرسی مەقەرێکی حزبی بە شێوەی کوردستان لە ئوروپا هەڵس وکەوت دەکەن. ئێمە لەم بوارەدا بە گشتی هەژارین و لەم رێگایەوە لە ئورپاش هەژارانە دەجوڵێینەوە.[ لە بەشی گفت وگۆدا ئەگەر بێتە پێش ئەو

نمونانە باس دەکەم کە نیشانەی ساکاربوونی بیروفکری ئێمەیە لە بواری ڕێکخراو دروست کردندا بە تایبەت ڕێکخراوی هونەری.]

## هونەر

هونەر لە ناو کورددا ئێستاشی لە گەڵ بێت پێداویستی هونەرمەندەکە خۆیەتی بۆ گەیشتن بە مەبەستگەلی جوراجور، هەر وەها هونەر پێداویستێکی حزبیە بۆ مەبەست گەلی حزبی. ئێمە جگە لە هونەری تەون, واتە فەرش و مافورە و بەرەچنین کە هەم لە بازارەکانی خۆمان برەوی هەیە و هەم لە بازارەکانی جیهانی، خاوەنی هونەرێکی تر نین کە پێداویستی بازار و مشتری بەجێ بێنێ. هۆی ئەوەی کە بۆ هونەر پێداویستی تاکە کەسی هونەرمەند و حزبە, دەگەڕێتەوە بۆ کۆمەڵگای پڕ لە گرێ و گۆڵی کورد هەر لە بنەماڵەوە هەتا باڵاترین دام و دەزگاکانی ناو کوردستان. هونەر لە ناو کورددا بە شێوەیەکی ئاگایانە پێداویستییەکی ڕۆژانە وەک نان و ئاو وچایی نییە! هونەر و هونەرمەند بە سەدان داوی دیار و نادیارەوە بەستراونەتەوە بە ئەو کۆمەڵگایەوە, کە ڕەنگدانەوەکەی لە هونەرەکەشدا بەرچاوە. ناوەڕۆک و فورم و شێوە و سەبک و تەکنیک لە بەرهەمەکانی هونەریشدا گرێدراوی تاکە کەس ,کۆمەڵگا و دەزگاکانی حزبی وحکومەتی و ئایینی و فەرهەنگی کوردی و ناکوردی یە و لە ئازادی و ئانالیزی مێژوویی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگیەوە سەرچاوە ناگرێ! دەستەڵاتی داسەپاو,چ کوردی و چ بێگانە دیاری دەکات تۆ بۆ لای کام ناوەڕۆک بچی و کام شێوە و سەبک و سیاق بەکار بهێنی. هونەرەکانی کورد شێعرگوتنی لێدەرچێ, ڕێچکەی هونەری, سەبکی هونەری, کە پێناسەی نەتەوەیەک بێت بە ناوی کورد, دەرناخەن.
کە واتە ئێمە باسی هونەرێک دەکەین کە هێشتا پێناسەی تەواومان بۆی نییە, جگە لە هونەری هەڵپەرکێ و هونەری فەرش و بەشێک لە هونەری موسیقا و گۆرانی.

## ڕێکخراوی هونەری

ئەگەر باسی هونەر و ڕێکخراوی هونەریش بکەین ئەوە دەبێتە ڕێکخراوی ئەو هونەر و هونەرمەندانەی کە باسمان کرد, واتە ڕێکخراوی هونەری ئەو تاکە کەسانە یان حزب و دەستە و گروپ و دەزگایانە. ئەمرۆ لە کوردستانیش ئێمە خاوەنی ڕێکخراوێکی هونەری نین کە بە پێی ئیستانداردی ناسراو و باوەڕپێکراوی جیهانی و نۆرمەکانی ساز کرابێ.

## هونەر و ئابوری

هونەر و بازار یان هونەر و ئیقتیسادە لە ناو ئێمەدا لە لایەکەوە دیاردەیەکە نەناسراو و لە لایەکی ترەوە دیاردەیەکە ڕزێندراوە، ئەویش بە دەستی ئەو کەسانەی کە خۆیان بە هونەرمەند دەزانن. لە نێو ئێمەدا هونەر یان وەک کالا نابیندرێ ویان بێ نرخ دەکرێ. تەنانەت ناتوانین ناوی کالای لێ بنێین. هونەر لە ناو ئێمەدا نە تەنیا بایخی مادی نییە بەڵکو بایخی مادی هونەر دزێو و دوور لە ئەخلاق نیشاندەدرێ, ئەو دەستەواژانەی کە هونەرمەندان بە تایبەت گۆرانی بێژان بەکاری دەهێنن بۆ کارەکەیان لە وانە" هونەر بۆ خزمەتی گەل, هونەر بۆ خزمەتی حزب, هونەر بۆ خزمەتی نیشتمان" نیشانەیەکی بەرچاوە بۆ بێ بایخ کردنی بایخی مادی هونەر. لەم ناوەشدا تەنیا دوو دەستە سوودی مادی لە کاری هونەری نابەن, یەکەم هونەرمەندەکە خۆی و دووهەم خەڵک , لایەنی سێهەم واتە حزب و دەزگاکانیان بە تایبەت لە ئوروپا بە ملیۆن سوودی مادی لەو بەرهەمانە وەردەگرن، کە بەرهەمی ڕەنجی کەسانی ترە.
تا ئەو کاتەی هونەر لە ناو کورد و کۆمەڵگاکەیدا بایخی مادی پەیدا نەکات, واتە نرخی هونەر لە نرخی پیواز و تەماتەو سێوزەمینی زۆرتر و بەرزتر نەبێ, هونەر و هونەرمەند بە تەپەسەری دەمێننەوە.

## هونەر و ڕێکخراوە لە ئوروپا

ئەو کەس و دەزگایانە کە بە ناوی هونەرمەند و دەزگای هونەری لە ئوروپا هەن, خەڵکی هەمان کوردستانن و لە ناو هەمان کۆمەڵگاوە هاتوون و مخابن هەر وەک کوردستانیش لێرە درێژە بە کارەکانیان دەدەن. بەرهەمی 50 ساڵ کاری ڕێکخراوەیی و 25 ساڵ کاری هونەری کوردەکان لە ئوروپا، تەنیا لە زۆربوونی خەڵکەکە و زۆربوونی بەرهەمی هونەری لە چەشنی بەرهەمی ناوخۆ و زۆربوونی ڕێکخراوی ڕەنگا و ڕەنگدا، خۆی نیشان دەدا.
ڕێکخراو سازکردن و تێکدان و سازکردن, پرۆسە و مێژووی ڕێکخراوەکانی کوردی ئوروپایە بە ڕێکخراوەی هونەریشەوە. هونەرمەندی نیشتەجێ لە ئوروپا بێ سباتە لە کاری هونەریدا, دورکەوتنەوە لە هونەر, نزیک بوونەوە و دورکەوتنەوە, بازنەی کاری هونەری هونەرمەندانی تاراوگەیە, کە زۆرجار بە بێزاربوون لە هونەر و کاری هونەری کۆتایی پێدێت. هەمووی ئەوانەش پێوەندی بە باری ژیانی تاکە کەس و باری سیاسی کوردستان و ئیمکانی کورد و دەزگاکانی لە دەرەوەی وڵات هەیە! ئەمرۆ لە ئوروپا لە پاڵ ڕێکخراوی بچوکی هونەری بێ دەرەتاندا, ڕێکخراو و دەزگای گەورە هەیە کە بە ملیۆن پارەی تێدا هەڵدەسوڕێ و بەرهەمی,, هونەری,, ڕەوانەی بازاری(کوردستان وهەندەران) دەکات! بە تایبەت لە بواری گورانی دا. ئەڵبەت ئەم بازارەش بازارێکی سالم و ئازاد نییە و بە پێی ئەهرومی حزبی کاردەکات.

هونەر و ڕێکخراوی هونەری تایبەت بە کورد لە ئوروپا دوچاری نەخۆشی و قەیرانی فکری وهونەری و ڕێکخراوەیی هاتووە! تاقیکردنەوەکانی دەزگا و ڕێکخراوی هونەری ناحزبیش لە ئوروپا بە تایبەت لە سوئێد و ئاڵمان دوچاری شکستی هاتوون. هۆیەکانی ئەم شکستە یەکەم دەگەڕێتەوە بۆ هونەرمەندەکان خۆیان, دووهەم بۆ کوردی ئوروپا و سێهەم بۆ حزبەکان. لە هەرسێ دەستەدا چەند خاڵی سەرەکی هاوبەش هەیە: یەکەم عەقلیەتی نادموکراتیک, دووهەم دژایەتی بە جێگای رەقابەت, سێهەم نەبوون و یا کەم بوونی "پرنسیپی کاری, ئۆرگانیزاسیون, بەرنامە دارشتن, بە بەرنامەکارکردن, نەبوونی ستراتێژی هونەری و ستراتێژی دەزگای هونەری, دووربوون لە ئوسلوب و ئیستانداردی کار لە ئوروپا و بەها نەدان بە پرۆسەی کاری"

کۆمەڵگای کورد, ڕێکخراوەکان و سیستمی پەروردە

«کۆمەڵگای کورد» لە ئوروپا لە تاکە کەس پێک هاتووە و تاکە کەسەکانیش بە تاک ماونەتەوە. ڕێکخراو لە هەر چەشنێک چ هونەری و چ حزبی و چ پیشەیی دوچاری سکتاریسمێکی قووڵ بوون. ئەو ڕێکخراوانە پارمەتی دروستکردنی کۆمەڵگایەکی کوردی و کوردستانی لە دەرەوەی وڵات نادەن بۆ ئەوە هونەر و فەرهەنگی زیندوو و ئیستانداردی کورد, پەرە پێ بدەن و هونەر بکەنە بەشێک لە پێداویستی ژیانی مرۆڤی کورد جا چ مناڵ و چ گەورە ساڵ.
پرۆسەی ژیانی کورد بە گشتی و مناڵ و لاوی کورد بە تایبەتی,لە دەرەوەی وڵات دابڕان لە هونەر و زمان و فەرهەنگی کوردییە. کورد لە دەرەوەی وڵات خاوەنی سیستمی پەروەردە و ڕاهێنان نییە و مناڵ ولاوی کورد بە تەنیا بەرهەمی کۆمەڵگای ئەو وڵاتانەن کە تێیدا دەژین. هونەر و هونەرمەندان و ڕێکخراوی هونەری کوردیش لە دەرەوی سیستمی پەروەردی ئەو وڵاتانەن . پەروەردەی هونەری و فەرهەنگی ناو کوردەکانی ئوروپا خاوەنی سیستم نییە و هەرکەس لە گوێرەی زانست و زانینی خۆی کار دەکات. ئەوەی بنەماڵەکان و دایک و باوکان بۆ پەروەردەکردنی مناڵەکانیان چەندە ڕاهێنەر و داهێنەر و سەرکەوتون لە پەروەردەکردن و گۆژکردنی مناڵەکانیان پرسیارێکە کە وەلامەکەی لای هەر بنەماڵەیەکە و ئامارو ئەنجامی لێکۆڵینەوە لە بەر دەست دانییە. سیستم و دەزگاکانی وڵاتانی ئوروپاش تا ئێستا لەم بارەوە پرۆژەیان بۆ هاووڵاتیانی کورد نەبووە, ئەوەش کە ئایا کورد خۆی پرۆژەی وای لە ئوروپا و وڵاتانی ئوروپا هەبووە یان هەیەتی، ئەز نزانم!

ڕێگا چارە

ئەگەر تاکی کورد خۆی وەک ئەندامی یەک نەتەوە کە رەنگە ئەندامی یەک پارچەی کوردستان یان سەر بە حزب و ئێدئۆلۆژی و ئایینی تایبەت بێ یان نەبێ، قەبوڵ بکا و هیچ جیاوازی و رەنگاورنگییەک نەکاتە لەمپەر لە حاند یەک نەتەوەبوونیدا، دەتوانێ لە ڕێگای ڕیکخراوەی هەمە رەنگ و هەمەجۆر لە ژێر چەترێکی نەتەوییدا بە هەموو ئەو ئامانجانە بگا کە نیازی مادی و مەعنەوییەتی.
لە ڕێگای دروستکردنی کۆمەڵگای کورد لە ئوروپا بازار پێک دێ، کە بازر پێک هات پێداویستییەکانی ئەو کۆمەڵگایە چ لە لایەنی مادی و چ لە لایەنی مەعنەوییەوە دەردەکەوێ. لە ڕێگای ڕێکخراوەکانەوە کار و ژیانی مرۆڤی کورد چۆنییەتی یەکی باشتر پەیدا دەکات و نامۆی دوو کۆمەڵگای کورد و وڵاتانی ئوروپا لە دژایەتیکردنەوە و بەرەو هەڵسەنگاندن و قەبوڵکردن هەنگاو دەنێ و مناڵ و لاوانی کوردیش بە پاڵپشتی کۆمەڵگاکەی خۆیان تەنانەت لە گوندەکانیش باری ژیان و کار و خوێندنیان گۆرانی بە سەردا دێ.
لە کۆمەڵگایەکی وادا پسپۆران و شارەزایانی بوارەکانی جیا دەرفەتی هاوکاری و خزمەتکردنی هاووڵاتیان پەیدا دەکەن و کاری فەرهەنگی و هونەری دەبێتە بەشێک لە ژیانی مرۆڤی کورد لە ئوروپا و هونەر و هونەرمەند و سەنعەتکاری کوردیش لە کۆمەڵگایەکی وادا نە تەنیا نامۆ و بێ هونەر نامێنێتەوە بەڵکو خۆی و هونەر و خەڵک بەرەو پێش دەبا.
سازکردنی کۆمەڵگایەکی وا خەیاڵ و ئۆتۆپی نییە و نەتەوەکانی تر بەر لە ئێمە کۆمەڵگای خۆیان ساز کردووە و پێکهێنانی درانگ یان زوو بۆ پێش گرتن لە خەساری پاشە رۆژ پێویستە. لە کۆمەڵگایەکی سالمی لەو چەشنەدا نەتەنیا ئاوارە و پەناهەندە و هەر تاکێکی کورد بە تەنیا نامێنێتەوە بەڵکو دەبێتە یەکێک لە ئەندامانی ئەو کۆمەڵگایە کە پەیوست دەبێ بە کۆمەڵگای ئەو وڵاتەش کە تێدا دەژی. کۆمەڵگایەکی وا کە ستروکتور و ڕێکخراوی خۆی هەبێ، دەتوانێ کار بکاتە سەر سیاسەت و ئابوری هەر کام لە وڵاتەکانی ئوروپا و مافی کوردەکان لە هەر وڵاتێک بپارێزی و ببێتە پاڵپشتێکی جیدی کوردستان و دۆزە رەواکەی.
پرۆژەی دروستکردنی سیستمی کۆمەڵگای کوردی ئوروپا دەتوانێ داهاتوویەکی تر بە کورد لەو وڵاتانە ببخشێ. کورد لە ئوروپا 50 ساڵ ئێنرژی خۆی بۆ چێ کردن و تێکدانی ڕێکخراوە بەکار هێنا، ئەگەر 50 ساڵی داهاتووش هەمان عەقڵیەت بەکار بێنین، هێچ هیوایەک بە داهاتووی کورد لە ئوروپا ناتوانێ ببێ، لە بەر ئەوەی نەتەوەی بێ سیستم و تاکی داپچراو بەرگەی سیستمی ئەو وڵاتانە ناگرن کە تێدا دەژین. چارەی داهاتووی کورد لە گرێوی سازکردنی سیستم و ستروکتوری کۆمەڵگای کوردە کە لەسەر ئەساسی دڵخواز و دێموکراتیک دابمەزرێ، لە سیستمێکی وادا هونەری کوردیش هەڵدەداو و بواری جیهانی بوونیش پەیدا دەکات.

2004/3/18 کۆڵن

ئەم باسە وەک سمینار لە رۆژی 2004/3/27 لە رۆژی جیهانی شانۆ لە لەندەن پێشکەش کراوە.